# چرکە

24

مۆڵەتی ژمارە (368)سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستانی وەرگرتووە

گۆڤارێكی سیاسی گشتی ئازادە | ساڵی دووەم | ژمارە 24 | نرخ (1500)دینار





## روونکردنەوە بۆ چنار سعد وسۆزانی خاڵە شهاب

بە هۆی نەزانی لە كارو پیشەكەیدا جێگری سەر نوسەری گۆڤارەكەمان لە كار لادرا ،چونكە ڕاپۆرتێكی شیكاری لەسەر هەردوو ئافرەتی دیارو بە توانای ناو سیاسەت خاتوو (چنار سعد عبدالله) و (سۆزان خاڵە شهاب ) بە زانیاری هەڵە بلاوكردبۆوەو،بە پێویستی دەزانین داوای لێبوردن لە خاتوو (چنار سعد عبدالله) بكەین كە وەك ئافرەتێكی پێشەنگ و دڵسۆز كاری بۆ كەس و كاری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان كردووەو ئەو ڕاپۆرتە شیكارییەی لە سەر بلاوكراوەتەوە بێ بنەمای كاری رۆژنامەنوسی بوە. لە هەمانكاتیشدا خاتوو(سۆزان خاڵە شهاب) وەك ئافرەتێكی دیاری ناو كۆمەڵگاكەمان و تاكە ئافرەتی پێشەنگ لە نێو پەرلەمانی كوردستان كە داكۆكیكاری گەنجان و ئافرەتان كردووە. بۆیە داوای لێبوردنی لێدەكەین كە ڕاپۆرتێكی شیكاری بێ بنەمای لەسەر بلاوكراوەتەوە،لەسەر ئەم دوو ڕاپۆرتەش وەك ئەخلاقی پیشەیان داوای لێبوردن لە هەردوو ناوبراو دەكەین و جێگری سەر نوسەری گۆڤارەكەشمان بە هەمان مەبەست لەسەر كاری ڕۆژنامە نووسی لابرد.


**خاوەن ئیمتیاز:**

**کاڵێ فەقێ وسو ئەحمەد**

kale.baran@yahoo.com

**سەرنووسەر:**

**محەمەد فەریق**

cherka_mag@yahoo.com

**دیزاین:**

**محەمەد بابان**

hama2009@yahoo.com

**دیزاینی بەرگ :**

**هوشنگ عمر**

Hoshang_sh@yahoo.com

**بۆپەیوەندی کردن** 07504412444 0662568812

**ناونیشان هەولێر:گەرەکی برایەتی 40 مەتری**

**دابەشکردن: خانەی کاوان** 07504612568

**چاپخانەی کوردستان** 07701532640

# ئۆباما بۆ کوردی بەسەرکردەوە

دوابەدوای ئەو سیاسەتە ڕاست و دروستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسی کورد،لەسەریەك هەڵویستی و بونی سیاسەتێکی ستراتیجی لە لایەن سیاسەت مەدارانی کورد.بۆ نمونە بۆ بابەتی هەڵبژاردن بەو عەقارە دا رۆیشت کە عەرەبە شۆفینیەکان لە هەموو لایەکەوە بیانەوێت فێل لەگەلی کورد بکەن و بە کەم کردنەوەی ژمارەی کورسیەکانی کورد دەسەڵاتی کورد لاواز بکەن و نەهێلن گەلی کورد رۆڵی کاریگەری هەبێت لە دروست کردنی حکومەت و داڕشتنەوەی سیاسەتی ستراتیجی عێراق،بۆیە سەرکردایەتی سیاسی کورد بە گشتی و هەڵوێستەکانی سەرۆك بارزانی وایکرد کە فەشەل بەو فێڵە سیاسیە بهێنێت کە عەرەبە شۆفینیەکان هەوڵیان بۆ دەدات.

لەم ڕوانگەوە داڕێژەرانی سیاسەتی ئەمریکا هەڵوەستەیان لەسەر هەڵوێستی سەرۆك بارزانی و گەلی کورد کرد،دڵنیابوون لەوەی کە چیتر ئەم گەلە ناحەحقی قبول ناکات و سەنگی خۆی هەیە،بۆیە سەرۆك ئۆباماو ڕاوێژکارانی هەوڵیاندا هەڵوێستەکانیان لە بەرژەوەندی تایبەتیەوە بگۆرن بۆ بەرژەوەندی هاوبە ش و دوولایەنە، لەم ڕوانگەوە بۆ جاری یەکەم بە شێوەیەکی ڕەسمی کۆشکی سپی و ئۆباما پشتگیری خۆیان بۆ گەلی کورد دەربڕی و سەنگی کورد جێگیرییەکی باشی بە خۆوە بینی،کە سەر ئەنجام کورسیەکانی کوردیش زیادی کردوو نزیك بووەوە لە سەنگی حەقیکی کورد.

بۆیە ئەمریکاو ئۆباما لە مەودوا لە هەموو داڕیشتنەوەیەکی سیاسی و ئیداری بۆ حکومەتی عێراقی فیدڕاڵ سەنگی کورد بە هەند وەردەگرن و دەگە ڕێنەوە بۆ سیاسەتە حەکیمانەکەی سەرۆك بارزانی، کوردیش لێرەوە بە هەوڵ و کۆششەکانی خۆیدا دەچێتەوەو هەوڵی یە کریزی خۆی دەدات،بەتایبەتی لەسەر بابەتە هەستیارەکان و ئەو قەزیە سیاسیانەی کە پەیوەندی ڕاستەو خۆی بە بابەتە هەستیارەکانی گەلی کوردەوە هەیە، چونکە نمونەی سەرکەوتنە سیاسیەکان لە هەرێمدا دیارەو سەرکەوتنی گەلی کورد لە خۆ بەرێوەبردنیش لە ڕوانگەی حکومەتەوە بەرجەستەکراوە، ئەمەش وایکردووە زۆرینەی وولاتانی دونیا کونسوڵ خانەی خۆیان لە هەڕێمی کوردستان بکەنەوە، ئا لێرەوە ئەو ڕاستیەیان بۆ دەردەکەوێت کە ئەمریکا لە سەر سیاسەتی نێو دەوڵەتی خۆی چاوپێدا خشاندنەوەی کردووەو هەرێمی کوردستانی وەك خالێك دەستنیشان کردووە کە دەتوانێت سەرکەوتنی سیاسی کورد و ئەمریکا لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ هەموو دونیا پەخش بکات، بۆ کوتلە سیاسی و ئاینیەکانی عێراق بە گشتی و عەرەبی هەموو دونیا بە تایبەتی بەسەرنجەوە لەم پەیوەندییە بە هێزەی کوردو ئەمریکا دەروانن.

ئەم ئاماژەیەش دەبێت وەك دروست بوونێکی بەڵگەی بێت بۆ گەلی کوردو لەمەودوا هەوڵ بدات هەموو هەڵویست و کارە سیاسیە نێو دەوڵەتیەکانی بە گشتی و لەگەڵ ئەمریکا بە تایبەتی لە ڕێگەی نوسراوی ڕەسمی بێت و بەڵگە ئامێز بێت،چیتر کورد بە قسەو بێ بەڵگەو دیکۆمێنت کارەکانی خۆی بە ڕێنەکات و توشی هەڵە نەبێتەوە.



کاڵێ فەقێ وسو ئەحمەد

# هەڵبژاردن لە کەرکوک.. تاقیکردنەوە سەختەکە




**عومەر شەریف**

لە نزیك ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی لە عێراق حەوت سالڕ بە سەر ئازادی عێرقدا تێدەپە ڕێت، بە دیوەکەی تردا کورد حەوت ساڵەبە ئازادی لە کەرکوك و ناوچە داگیرکراوەکان دەسەڵاتدارێتی دەکات، ئاریشەی ئێمە وەکو کورد بۆ گە ڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان لەم کاتەدا، زۆر تر کێشەکە یاسایی و دەستوورییە تا ئەوەی گرفتی دەسەڵات و توانامان لە ئیدارەو بە ڕێوەبردنی دەزگاکان هەبێت لەکەمی کادر وبەرپرسیارێتە ئیداریەکان و زۆرینەی دامەزراو و دەزگاکان بە دەست کوردەوەیە، نەخاسمە شوێنە هەستیارو گرنگەکان، بێگومان ئەمەش لە خۆڕا نەبووە، چونکە سەرکردایەتی کوردستانی خەمی گەورەی گەڕانەوەی ئەو شوێنانەیە، کوردیش بۆ خۆی لە کەرکوك زۆرینەیە راستیە لە سەرۆ زەوی بوونی هەس، دیارە هەر ئەمەش وای کردووە لە ناوخۆ و لە دەرەوەش هەمیشە بەربەست و ئاستەنگ لە سەر راپرسی و سەرژمێری هەڵبژاردنی گشتی دەکرێت و سوور دەزانن لەسەر زەوی کورد زۆرترە، لە کۆتاییدا داتاکان ئەگەر بآ فرڕوفێڵ بن لەبەرژەوەندی کورد دایە. ئەمە لە کاتێکدا هێشتا شارۆچکە دابڕاوەکان نەگەڕاوەتەوە سەر کەرکوك، ئەگەر ئەو ناوچانە کە دەسەڵاتی بەعس لە کەرکوکی دابڕی، کە بە چەند قۆناغێکی بەعەرەب کردنی کوردستان ئەنجامی دا (کفری خستە سەر دیالە، خورماتوی خستە سەر سەلاحەددین، چەمچەماڵی خستە سەر سلێمانی، ... هتد) ئەوانە بگەڕێنەوە سەر سروشتی خۆیان، ئەوە بۆ هەموو ئامارێکی راستەقینە کورد زۆرینەی یەکلای کەرەوە دەبێت، کەوا بێت جەختکردنەوەی هەمیشەی سەرکردایەتی کوردستان و حکومەتی هەرێم لە جێبەجێکردنی دەستورو ماددەی سەدوچل و بڕگەکانی تر رێککەوتنەکانی حزبە باڵا دەستەکانی عێراق لە جێگای خۆیدایە،بیر کردنەوەیەکی هەڕمەکی نیە. ئەمەی ئاماژەمان پیێ کرد هەر هەموو کورد بە گشتی دەخاتە بەرەیەکی بەهێزە و هەموومان لەسەری یەك ڕاین لە بەرانبەر تێکڕای ئەوانەی لەسەرگەڕانەوی کەرکوك بۆ کوردستان

و شه ڕی راســـتەقینەمان دەکەن، کە خۆیـــان لە چەن لایـــەن و دەوڵەتێکدا دەبیننەوەن بەڵام هـــەر هەموو بەیەك رای و کۆ دەنگیی وەکو کورد بەرانبەر نەیارانی گەڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێم،بـــەڵام ئەمە مانای ئـــەوە نیە خودی کورد لەسەر کەرکوك لە ناوخۆدا بآ کێشـــەو بآ گرفت بن دەکرآ بپرسین لە ماوەی حـــەوت ســـاڵی رابردوودا بەتایبەت پارتی و یەکێتی لە کەرکوك زیاتریان پێ دەکرا یانا، وەڵامی ئەم پرسیارە هەموو کەسێکی کەرکوکی دەیزانێ و بە ئاسانی پێت دەڵێت: زۆر زیاتر دەکرا، ئیتر کـــە بۆ هۆکارەکان بپرسین تەواوی گرفتەکانی دوو ئیدارەی حزبایەتی نەك کوردایەتی لە کەرکوك بە زەقی کەرکوکێکیان هەسیتان پێکردووە هـــەر وەك چۆن لە هەرێـــم هەبوون، دڵیـــان بۆئەم دۆخە ژان دەکات و بێ تاقەتی کردوون، رەنگە ئەم بێ تاقەت بوونەشیان کاردانەوەی هەبێت کێ نالێ لـــەم هەڵبژاردنی پێشـــماندا ئەوانیش قسەی خۆیان نابێت و بە حزبەکان نالێن دەنگ بـــە کاندیدی ئێـــوە نادەین؟!. بۆ هەندێکمان رەنگە ئەم بیر کردنەوەیە بە ئاسانی قووت نەدرێت، بەڵام وەکو بەخۆدا چوونەوەیەك بۆ رێگەگرتن لە رووداوێکـــی وەها هەنگاو بنێین هیچ نەرێنییەکی تێدا نیە؟!. بەتایبەت پارتی و یەکێتی ئێساش کاتیان ماوە بۆ ئەوەی بەخۆیاندا بچنەوە و هەندێك چاکسازی بکەن لـــە دامەزراوەکانـــی خۆیاندا، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێ چالاکانـــە تر لە کەرکـــوك هەر هیچ نەبێت لەو شوێن و گەڕەکانەی کوردی زۆر تر لـــێ هەیە خزمەت گوزاری و هاوکاری خەڵکەکەی بکات، هەر هیچ نەبێـــت بۆ کەرکوك دەکـــرێ کورد بە هەمـــوو بیروبۆچـــوون و ئایدیاکانەوە هەقە کۆ دەنگییەکی هەبێت لەســـەر لیست و کاندیدو هاوپەیمانێتییەکان، بۆ دەبـــێ ئێمەش خۆمان تاقی نەکەینەوە و بە لامانەوە گرنـــگ نەبێت فلانە کورســـی و پۆســـت بۆ کامە لایەن و بیرو ئایدیـــا بێت، گرنگ ئەوەیە ئەو کورســـیە لە خزمەت کەرکوکییەکان و کوردایەتی و کوردستانی بێت. هەموو لایەکمان دەزانین کـــورد زۆرینەیە لە کەرکوك بـــۆ لەو بترســـین تورکمان چەند پۆســـتێکیان هەبێت، بە داخەوە رۆڵـــی گەورەکردنەوەی کێشـــەکان و دوور خســـتنەوەمان لە یەکتر بدەن، بۆ ئێمەی کورد لە ئەزمونی پێکەوە ژیانی یەزیدی و مەســـیحی سەرکەوتوو بین، بەڕاستی قەناعەتیان بەئێمە هەبێت و بڕیاری چارەنووسیان بخەنە سەربەتەی ئێمـــەوە ،ئـــەی بۆ تا ئێســـتا نەمان توانیـــوە کارێکی وا لەگەڵ زۆرینەی تورکمانـــەکان بکەین و بڕیاری پێکەوە ژیانیـــان لەگەڵ هەرێمەکـــەی ئێمە لە قازانجیانە لـــە بەرژەوەندی ئەوانە بۆ داهاتوویـــان و بۆ ئێمەی کوردیش روویەکـــی گەشـــەو جێبەجێکردنێکی تریشە بۆ ئەوە دروشمانەی کە بەرزمان کردووەتەوە، پیشـــانی جیهانی ئەدەین کـــورد دەزانێ پێکـــەوە ژیان لەگەڵ ئاینـــزاو نەتەوەکانی تـــر بگونجێنێ، ئەگـــەر دەســـەڵات و دەوڵەتیشـــمان هەبێت نە لەناو خۆی کوردستان کەس دەچەوســـێنینەوە نەهەڕەشەش دەبین

**رێککەوتنی ستراتیژی پارتی ویەکێتی بۆ رێکخستنەوەی هەرێمی کوردستان ومالًی حکومەتی هەرێم ئەزمونێکی سەرکەوتووبوو ،دەکرێ لەناو کەرکوک بە شێوەیەکی فراوانتر لەگەڵ گشت لایەنەکان ئەم ئەزمونە دووبارە بکرێتەوە وجێبەجێ بکرێت.**



بۆ سەر وڵاتانی تر، بێگومان هەمان بۆچوون لەسەر ئاشووری و ئەرمەنی و تەنانەت عەرەبە رەسەنەکانی کەرکوکیش شایانی جێبەجێکردنە. وەك ئاماژەمان پێکرد دەکرێ جەنابی سەرۆك بارزانی و سەرۆکایەتی هەرێم لەگەڵ کەرکوکییەکان دابنیشن و گوێ بۆ داخوازی وگللەیەکانیان بگیرێت، بێگومان گللەیان هەیە وچارەسەری ئەو گللەیانەش لە بەرژەوەندی هەموو لایەکە، رێککەوتنی ستراتیژی پارتی ویەکێتی بۆ رێکخستنەوەی هەرێمی کوردستان ومالّی حکومەتی هەرێم ئەزمونێکی سەرکەوتووبوو ،دەکرێ لەناو کەرکوك بە شێوەیەکی فراوانتر لەگەڵ گشت لایەنەکان ئەم ئەزمونە دووبارە بکرێتەوە وجێبەجێ بکرێت. بردنەوەی هەڵبژاردنەکان بۆ کورد لەکەرکوك وموسڵ و شوێنە داگیرکراوەکانی تر دەبێتە بەڵگەیەکی تری مێژوی لەسەر کارکردن وبەڵگە نێو دەوڵەتیەکان بۆ کوردستانیەتی کەرکوك





ئەو هەڵەمێژوویەی کەبەبەردوامی کورد لەهەموو سەردەمەکان دووبارەی دەکاتەوە، جیاوازی بیرو رای سیاسی و سەرکردەکانی کورد لەمەڕ مەسەلە چارەنوسازەکان، ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن بەمەسەلەی نەتەوەیی، دوایـن هەڵەی کورد جیاوازی رای سەرکردە سیاسیەکان بوو لەسەر پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردن.

یاسای هەڵبژاردن لەنێوان رەخنەو پیرۆزبای هاوپەیمانیدا لەکۆتاچرکەی پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان لەپەرلەمانی عیراق ، لیستی هاوپەیمانی کوردستان پیرۆزبایی لەکوتلەکانی پەرلەمان و گەلانی عیراق کرد، پەسەندکردنی ئەو یاسایەشی بەدەسکەوتێکی گرنگ بۆ نەتەوەکانی عیراق لەقەڵەمدا، بەڵام بەپێچەوانەی ئەم بۆچونە بەدیدی رۆشنبیران و بەشێك لەئەندامانی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم پەسەندکردنی یاسا گورزێکی کوشندەبوو لەدەسکەوتەکانی کورد و خەڵکی هەریمی کوردستان، (مسعود بارزانی ) سەرۆکی هەریمی کوردستان رایگەیاند ئەگەر پێداچونەوەبەو یاسایەدا نەکرێت کورد بەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا ناکات، ئەمەبوە هۆی ئەوەی لەسەر پێنشیاری بارزانی وەفدێکی پێکهاتوی لیستەکانی پەرلەمانی کوردستان ڕەوانەی بەغدا بکرێت بۆئەوەی پەرلەمانی کورستان وەك دەزگای هەڵبژێردراوی

# کورد لەنێوان پێداگری بارزانی و سازشی تاڵەبانی

**راپۆرتی شیکاری :تایبەت**



گەلی کورد ئاگادار و بەشداریکەری بڕیارەکانی پەیوەست بەکورد بێت لەبەغدا.

**سازشەکەی تاڵەبانی لەپێناو مانەوەدا**

هەردوابەدوای پەسەندکردنی یاسای هەلبژاردن لەلایەن پەرلەمان و بەرێکردنی بۆ سەرۆکایەتی کۆمار دەست بەجێ تاڵەبانی سەرۆك کۆمار و عادل عبدالمهدی جیگری سەرۆك کۆمار یاساکەیان پەسەند کرد، پەسەندکردنی ئەو یاسایە لەلایەن تاڵەبانی یەوە تورەی و گومانی لەسەر تاڵەبانی لەناو رۆشنبیران و هاوڵاتیانی کوردستان دروست کرد، بەشێك لەسیاسیەکان پێیان وایە کەتاڵەبانی لەپێناو مسۆگەرکردنەوەی پۆستەکەی سەرۆکۆماردا یاساکەی پەسەند کردوە، لەبەر بەرژەوەندی خودی سازشی لەسەر مەسەلەی نەتەوەی کردوە، ئەوەی ئەو بۆچونە لەراستی نزیك دەکاتەوە بەڵینی ئیران و لایەنە شیعەکان بەوەی کە گرنتی ئەوەیان بەتاڵەبانی داوە، کەلەپەرلەمان دەنگی بۆ دەدەن بۆ ئەوەی پۆستەکەی بەدەست بهێنێتەوە.

**هاشمی فریای تاڵەبانی دەکەوێت**

لەگەڵ ئەوەی ساڵانێکە پارتی و یەکێتی ریکەوتنی ستراتیژیان لەنێواندایە، بەڵام یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەم جارە هێندەی نەمابوو ببێتە هۆی ساردکردنەوەی پەیوەندی نێوان یەکێتی و پارتی، بەهۆی ئەوەی بارزانی بەیاساکە رازی نەبوو، لەبەرامبەریشدا ئەو یاسایە لەژێردەستی تاڵەبانیدا تێپە ڕبوو، لەهەمان کاتیشدا سەرکردەکانی یەکێتی و راگەیاندنی یەکێتی وایان نیشان دەدا کەلەو یاسایەدا کورد زەردمەند نەبوە، لەکاتێکدا لەزیارد کردنی کورسیەکانی پاریزگاکاندا تەنها سێ کورسی بۆ پاریزگاکانی هەریم زیاد کرابوون، بۆیە ئەگەر ڤیتۆکەی هاشمی نەبوایە کورد زەرد و زیانێکی زۆری دەکرد، تەنانەت گومانی ئەوەش هەیە کەساردی یەکی زۆر دەکەوتە نێوان یەکێتی و پارتی .

**بارزانی شەقامی کوردی دەهەژێنێت**

هەمیشە بارزانی واناسراوە کەبەرگریکاریکی سەر سەختی پرسە نەتەوەیەکانە، هەر ئەو پێداگریش وای کردوە لەناو کوردان بەگشتی و هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی خۆشەویست بێت ، وەك سەرکردەیەکی نەتەوەیی بناسرێت، هەرئەمەش وای کرد لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەریم بتوانێت ریژی لە70%ی دەنگەکانی خەلکی کوردستان بۆخۆی مسۆگەر بکات، ئەمەجارەش توانی لەریگەی پێداگری لەسەر رەتکردنەوەی یاسای هەلبژاردنەکان و هەرەشی بایکۆت کردنی کورد لەهەلبژاردنەکان ئەوەندەی تر هەست و نەستی جەماوری بۆلای خۆی کێش کرد.

# پـەرپرسی پاراستنی کـەرکوک وخانـ

## بەهۆی نزیک کەوتنەوەی هەڵبژاردن پارتی گۆرانکاری



# ـــــەقین دەستی لەکار کێشایەوە

## لەکەرکوکدا دەکات

**راپۆرتی شیکاری :تایبەت**



نارەزای خەلکی کەرکوک شاری کەرکوك لەگەڵ ئەوەی بەردەوام لەهەموو شۆرشەکان جیگەی بایەخ و گرنگی تایبەت بوە، بهڵام لەدوای پرۆسەی ئازادی عیراقەوە رۆژ بەرۆژ دانیشتوانی ئەو شارە رووبەروی کێشەو گرفتی جۆراو جۆر دەبنەوە، بەتایبەت بڵاوبونەوەی گەندەلی ئیداری، کەوای کردوە کوردانی شارەکە لەهەردوو حزبی دەسەلات دار نارازی بن .ئەمە جگە لەوەی رەوشی ئەمنی شارەکە جیگیر نی یە، بەردەوام گەرەکەکانی شارەکە تەقینەوەی جۆراوجۆر بەخۆیانەوەدەبینن، ئەمە وای کردوە کەئەو نارەزایانە لەپەرەسەندان بن، والەحزبەکان بکات پیداچونەوە بەکارو شێوەی ئیدارەکردنی شارەکە بکەن.

**پارتی دەست دەکات بەگۆڕینی بەرپرسانی**

دەست پێکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق تەنها دوو مانگی ماوە، پارتی دێموکراتی کوردستان بۆ بەدەست هێنانی دەنگێکی زۆر لەشاری کەرکوك لەهەوڵی گۆرینی بەرپرسانی حزبی دا، لەو نێوەندەشدا هەوڵی گۆرینی بەرپرسی لق لەئارادایە، پارتی دەیەوێت کۆمەڵێك کادیری شارەزا لەو شارەدا جیگیر بکات، بۆئەوەی بتوانێت لەریگەی ئەو گۆرانکاری یەوە ململانێ یەکی توندی لایەنەکانی تر بکات ، ئەو گۆڕنکاریانەی پارتی بەئامانجی ئەوەیە ببێە پێشەنگی هەموو حزبەکانی تر، بۆ ئەوەی زۆرترین کادیدەکانی پارتی لەوشارەدا بەبراوەی لەهەڵبژاردن بێنە دەرەوە.

**بەرپرسی پاراستنی دەست لەکار دەکێشێتەوە**

هیوا احمد مستەفا بەرپرسی دەزگای پاراستنی کەرکوك ،خانەقین، باری تەندروستی باش نە بو بۆیە بەرەزامەندی خۆی دەستی لەکار کێشاوە، لەکاتیدا ناوبراو ماوەی شەشە ساڵە وەك بەرپرسی دەزگای پاراستن لەشاری کەرکوك و خانەقین کار دەکات، بۆ 17 ساڵ دەچێت لەبواری ئەمنیدا کار دەکات، کەسێکی سەرکەوتوە لەوبوارەدا ، لەچەندو سالی رابردوودا توانیویەتی رۆڵیکی بەرچاو لەشاری کەرکوك و دەوروبەریدا بگێریت .

**کەرکوکیەکان هیوایان بەبارزانی یە**

لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی خەلکی کورکوك بەیەکێتی ناسراون بەڵام ئیستاکە لایەنگری تەواوی (مسعود بارزانی) سەرۆکی هەریمی کوردستانن، هیوایان وایە سەرۆکی هەریم ببێتە فریاد رەسی خەلکی کەرکوك رزگاری کەری هاوڵاتیانی کەرکوك لەدەست ئەو کێشەو گرفتانەی بەدریژاری مێژوو خەلکی ئەو شارە بەدەستەوە گیرۆدەن . ئەو هیوایەی خەلك کەرکوك لەریگەی هەلوێستی بارزانی یەوە دێت لەسەر مەسەلەچارەنوسازەکانی کورد، بەتایبەت پێداگری بارزانی لەسەرە یەکلای کردنەوەی کێشەی کەرکوك و جێ بەجێکردنی مادەی 140 ی دەستوری عیراق

حەمەغفور بۆ چرکە

لێپرسراوی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان لەهۆلەندا

# نەوشــیروان مستەفا بەرپرسیارە لە کارەساتی قڕناقاو پشتئاشان



سازدانی :چرۆ موحمەدی

**چركە:** ڕەوشی ئیستای حزبە چەپەكان لەچ ئاستێكدایە؟

**حەمەغفور:** داموو دەزگای ڕاگەیاندنی بۆرژواییو پیشەسازی چەواشەكاریو لەقالبدانی بیرو ڕای گشتی بەشوێن دا ڕمانی بلۆكی كۆمۆنیستی بۆرژوایی‌دا، كەبەبلۆكی سۆڤێت یان ئەوروپای ڕۆژهەلات ناسرابوو، بواریان لەئاسمان قۆزتەوەبۆ هێرشێكی تەبلیغاتی جیهانگیر بۆ سەر كۆمۆنیزمو بیروباوە ڕی ڕەخنەگرانەی ماركسو تەواوی بیروباوە ڕی ئازادیخوازانەو یەكسانیخوازانەو مەیلو ئارەزووی مرۆڤایەتی لەپێناو بەرپاكردنی عەدالەتی كۆمەلایەتیدا. بینیمان دامەزراوەی تەبلیغاتی بۆرژواییو ماسمیدیای جیهانی چۆن بنبەستو داتەپینی شێوازێكی دیكەی سیستەمی ئابووریو سیاسی سەرمایەداری دەولەتیان وەكو هەرەسی سۆشیالیزمو كۆمۆنیزمی واقعی لەقەلەمداو ویستیان بەشاییو لۆغانی مەرگی كۆمۆنیزمو خەیالی لەگۆڕنانی ڕەخنەی ماركسیستی كەیەكپارچەلەئاستی دنیادا بەرپایانكرد، سەنگەرێكی دیفاعی پێشوەخت لەبەرامبەر مەترسی كۆمۆنیزمبۆ سەر كۆمەلگای بۆرژواییو ڕەخنەی ماركسیزم لەبەرامبەر بە ڕژێمی سەرمایەداریدا لێبدەن.

سەرجەمی تەوژمو ئاراستەبۆرژواییەجیهانیو لۆكالیەكانیش بەووردو درشتیانەوەپەیوەست بوون بەم كە ڕنەڤالەدرۆیینەجیهانیەی بۆرژوایی ڕۆژئاواوەبەسەرۆكایەتی ئەمریكاو لەئاستی ڕای گشتیدا ئەم ڕووداوە، یانی هەرەسی بلۆكی سۆڤیێتی پێشوویان وەكو كۆتایی مێژوو وێناكردو گەرەكیان بوو بۆ هەمیشەماركسیزمو جوولانەوەی كۆمۆنیستی كرێكاریو كەلكەلەی مرۆڤایەتی بۆ بەرپاكردنی دادپەروەری كۆمەلایەتی بەفەرامۆشی بسپێرن، وەسەرمایەداریو ڕژێمی چینایەتی بۆرژوایی وەكو شتێكی حەتمیو ئەبەدیو ئەزەلی بەسەر بیروباوە ڕی گشتیدا بقەبلێنن.

لەناواخنی ئەم چەواشەكاریەدا مەفهومی چەپ بەشێوەیەكی گشتی مۆركی ئەم ڕووداوەگەورەیەی هەلگرتو ئێستاشی لەگەل بێت بۆرژوایی كەباسی چەپ دەكات ئەیەوێ پاشماوەی ئەم كە ڕناڤالی چەواشەكاریەی، یانی لقو پۆپەگیان دەركردووەكانی سەر بەبلۆكی ڕووسیای بەروو نیشانی كۆمەلگا بدات. پێشهاتێكی لۆژیكیەكە ڕژێمی بۆرژواییو دەزگای تەبلیغاتی ئەو ئەم ڕەوتو تەوژمەلاكەوتانەی نێومالی خۆی وەكو چەپ ناولێ بنێو سەیریان بكاو ڕەخنەشیان لێبگرێت. بەلام فۆبیاو هیستریای واقعی بۆرژوایی لەبەرامبەر كۆمۆنیزمی ماركسو ڕەخنەی ماركسیستی كرێكار لەسیستەمی سەرمایەداری لەژێر داروپەردووی ئەم چەواشەكاریە مێژوویەیدا دەكرێ بەباشی نیشاندبدرێ.

دیارەحیزبەكانی كۆمۆنیزمی كرێكاری وەكو ئۆرگانی ڕابەریو ستادی چینی كرێكارو بزووتنەوەی كرێكاریو بزووتنەوەئازادیخوازو یەكسانیخوازانەكان خاوەنی تانوپۆی حیزبیو ڕێكخراوەیی خۆیەتیو لەململانێی چینی كرێكارو توێژەزەحمەتكێشەكانی كۆمەلگادا، نوێنەرایەتی چینی كرێكارو ماركسو ڕەخنەی ماركسیستی لەكۆمەلی بۆرژوایی ئەكەنو بەئامانجی یەكگرتووكردنو ڕێكخراوكردنی چینی كرێكارو توێژەنا ڕ ازیەكانی تری كۆمەل لەدەوری ئالای كۆمۆنیزمی كرێكاری بۆ بەرپاكردنی شۆ ڕشی سۆشیالیستی چینی كرێكار تێئەكۆشن. كوللی بۆرژوازی وەكو چینی دەسەلاتداری كۆمەل هەمیشەهەولیانداوەكەدەسەلاتی خۆیان وەكو دەسەلاتی هەموو كۆمەلگا نیشان بدەن، بەلام قیافەی كۆمۆنیزمی كرێكاریو حیزبەكانی ئێمەبەتەنیا خۆیان وەلامی شایستەی چینی كرێكارو توێژەبێبەشەكانی كۆمەل بوون بەم ئیدیعا پووچو چەواشەكارانەیەی بۆرژوازی.

**چركە:** زۆرجار دەگوتریت حزبەچەپەكان لەپاشەكشەی جەماوەریدان ، هۆی ئەم پاشەكشەیەچی یە؟

**حەمەغفور:** بێ ئەوەی ویژدانی كەسێك نا ڕەحەت ببێت، لۆژیكی ژیان پێمان ئەلێ كۆمەلگای مرۆڤایەتی سەبەتەیەك لەئایدیۆلۆژیاو بیروباوە ڕی ڕەنگاو ڕەنگ نیەكەهەموویان پێكەوەزیباییەكی بێوێنەبەبەخشنە ڕوخساری كۆمەلگاو شەقامو كۆلانو پاركو گە ڕەكەكانی برازێننەوەو هەلسو كەوتی كۆمەلایەتی لەنێو نەزعەو میزاجێكی بێخەوشیدا نقووم بووبێتن.

كۆمەلگا پێكهاتووەلەپەیوەندیو پێكەوەیی چەندین چینو توێژی كۆمەلایەتی، كەهەر یەكەیان هەلگرو خاوەنی هیواو خەوو خەیالی خۆیەتی. چینی بۆرژوازی بەحوكمی مەوقعیەتی لەسیستەمی ئابووریو سیاسیدا، وەكو خاوەنی سەرمایەو هۆیەكانی بەرهەمهێنان، خۆی بەخاوەنی ئەسلیی كۆمەل دائەنێو هەر بەرەنگاریەكی ئەم نەزعەسەروەریەی بەتوندترین شێوەسەركوت ئەكات. چینی كرێكاریش وەكو چینێكی ئازاد لەهەموو ڕوویەكەوە، یانی لەو ڕووەوەكەخاوەنی هیچ شتێك نیەجگەلەهێزی كاری خۆی، بەپێی لۆژیكی پەیوەندیەكانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، تەنها كڕیاری ئەو هێزی كارەی كرێكار بۆرژوازیە، بۆیەلەگەل یەكدا ئەكەونەسەوداوە. چینی كرێكار هەمیشەلەخەیالی ئەوەدا ئەژی كەئەم ستەمەكۆمەلایەتیەی سەرمایە، ئەم

# ئەو چەپانەی کەدەنگو نووزەیەکیان نەبوو لەو هەڵبژاردنەدا، هەق وایەناوی چەپو کۆمۆنیزم خۆیان بکەنەوە

کۆیلەتیەی کاری بەکرێ لەکۆڵ خۆی بکاتەوەو خاوەنێتی تایبەتی هەڵوەشێنێتەوەو خاوەندارێتی گشتی، یانی سۆشیالیزم لەجێی دامەزرێنێت. کەڵکەڵەی دوو چینی گەورەی کۆمەلایەتی بۆ چۆنێتیو شێوەی ژیانو دیاریکردنی پەیوەندیەکانی، هەرگیز یەکناگرنەوە. بەڵکو لەبەرامبەرو دژ بەیەکتریش دەوەستنەوە. پێشڕەویو پاشەکشەی بزووتنەوەو ئەحزابی سیاسی لێرەوەو لەم پنتەوەدەستپێئەکات. ئەو چینەی کەتەواوی ئیمکاناتی ژیانو کۆمەل بەرهەم دێنێت، خۆی لێی بێبەشەو تەنانەت وەکو کۆتیش چۆتەگەردنیو ئەگەر کار نەکاو کارەکەشی کەلەکەی سەرمایەدابین نەکات، ئەوا بێکار دەکرێو بەرەوڕووی نەهامەتی گەورەدەبێتەوە، ناتوانێ واز لەناڕەزایەتیو ڕەخنەی خۆی بەێنێ لەم ڕژێمەکۆمەلایەتیە. کۆمۆنیزمی کرێکاری کریستالیزەیشنی ئەم ڕەخنەو ناڕەزایەتیەکرێکاریو کۆمەلایەتیەیە. بۆرژوازی گەرەکیەتی بەهەموو تواناوەبەرگری لەکۆن بکاتو ڕەوڕەوەی مێژوو ئەگەر بۆ دواوەنەگەڕێنێتەوە، ئەوا ڕایبگرێت، چینی کرێکاریش لەهەولی ئەوەدایەئەو کۆسپو تەگەرانەی بەردەم گەشەو پێشڕەوی مێژوو هەلگرێو پالیشیان پێوەبنێت بۆ پێشەوە. بزووتنەوەو بیرو باوەڕەبۆرژواییەکان، هەر لەناسیونالیزمو دیموکراسیزمو لیبرالیزمو سۆشیال-دیموکراسیەوەبیگرەتا دەگات بەئیسلامیزمو شۆڤێنیزمی قەومیو سۆشیال-ناسیونالیزمو نەتەوەپەرستیو دەمارگیریی میللی، هەموویان لەگەوهەردا لەسەر یەك خال کۆکن سەبارەت بەسیاسەتو ململانێی سیاسیان، ئەویش بەرگری کردن لەسیستەمی کاپیتالیستی بەهەموو شێوەیەك. کۆمۆنیزمو بزووتنەوەکرێکاریو جوولانەوەئازادیخوازانەکانیش بەرژەوەندیان لەوەدایەکەکۆمۆنیزمی کرێکاری بەهێز ببێو پێشبکەوێو ببێتەئامرازێك بەدەستی چینی کرێکارو کۆمەلگاوەبۆ ئەوەی دەسبەرن بۆ گرتنی دەسەلاتی سیاسی. لەپێناو بەرقەرارکردنی دادپەروەری کۆمەلایەتیدا کرێکارو کۆمۆنیزم دەبێت دەسەلاتی سیاسی سەرەتا بگرێت ئینجا بەرنامەی ئینسانی خۆی جێبەجێ بکات. بێگومان ئەم کێشمەکێشەکۆمەلایەتیو چینایەتیەمەزنانەبە ڕۆژگارو قەیرانو ئاقاری گرژیو پێشڕەویو بەرزیو نزمی جۆراوجۆردا ڕەت ئەبن. هێندەی پەیوەست دەبێتەوەبە ڕەوتی ئێمەوەوەکو کۆمۆنیزمی کرێکاری، جگەلەوەی کەخودی حیزبو بزووتنەوەی ئێمەدەبێ بەشداری ڕابەریانەبکات لەپێشهاتنی فرسەتو بواری بەزاندنی بۆرژوازیدا لەم ململانێیەی نێوانیاندا، لەهەمان کاتیشدا کۆمەلگاو کارلێکەکانو تەلاتوماتو جومگەو مونعەتیفەبەلاداخەرەکانیشی لەهەر دەورانێکی چەند دەسالیدا بارودۆخێکی کۆمەلایەتیو شۆڕشگێڕانەی وا دەبێ بڕەخسێنن هەتا کۆمۆنیزم زەفەری کۆتاییو زەربەی قازی خۆی لەکەمەری بۆرژوازی بوەشێنێو بەهەموو قیافەو بالای خۆیەوەدەست بەرێ بۆ قودرەتو دەهالاتی سیاسی لەچنگی بۆرژوازی دەربێنێو بەرنامەو ستراتیژی خۆی دامەرزرێنێت. پرسیارەکەی ئێوەش لەناواخنی پلەو قۆناغەکانی ئەم ململانێیەو ئەم پێکدادانەکۆمەلایەتیەگەورانەدا جێی هەیە. کاتێك کۆمۆنیزمی چینی کرێکار جێگای خۆی لەدەروونی چینەکەو کۆمەلدا کردەوە، ئەمەئاستێکەلەپێشڕەویو جەماوەری بوون. وەختێکیش بۆرژوازی وەلامی گرفتەسەرەکیەکانی کۆمەلی

پێنەدرایەوەو قەیرانی سیاسی بەروی سەندو کانسی پێشڕەوی کۆمۆنیزم زیادی کردو خودی حیزبی کۆمۆنیستی چینی کرێکار ئامادەیی سیاسیو ڕێکخراوەیی لەباری نیشانی کۆمەلگا دابێ، ئەمەش ئاستێکی تری پێشکەوتنە. بەلام ئەگەر پاشەکشەی جەماوەری حیزبەکانی چەشنی زەحەتکێشانو حیزبی شیوعی کوردستان بەبەراورد لەگەل یەکێتیو پارتیدا بۆ نموونەلەهەلبژاردنی پارلەمانی ئاخری کوردستاندا، بەپاشەکشەی کۆمۆنیزم بخەملێنرێ، ئەوەئیتر شتێکی دیکەیەو ناهەقیو غەدرێکی مێژووییەلەحیزبی ئێمەو بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری دەکرێت. کوا لەکوێ خەلکی کوردستان ئازادن لەهەلبژاردنی پارلەمانیدا!؟ دلنیاتان دەکەمەوەئەگەر لانی کامی ئازادیو بێگەردیو نەزاهەت بەسەر هەر ئەو هەلبژاردنانەشدا زال بێت، دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو حیزبەکان بۆ بانگەشە فەراهەم بکرێت، حیزبی ئێمەزۆربەی زۆری دەنگەکان بەدەست دێنێت. هەرچەند ئێمەدلنیاین کەهەرگیز بۆرژوازی ڕێگا نادات بەهەلبژاردنێکی پاکی لەو جۆرەو ئێمەو چینی کرێکارو جەماوەری خەلکیش باش دەزانین ئالوگۆڕی شۆڕشگێڕانەلەڕێگای هەلبژاردنی پارلەمانیەوەپێشنایەت. بۆیەئێمەش دەبێ دەسبەرین بۆ شێوەی شۆڕشگێڕانەی خۆمان بۆ گرتنی دەسەلاتی سیاسی.

**چرکە:**: لەسەر ئاستی جیهان کێ (چ دەولەتیك) یارمەتی هێزەچەپەکان دەدات؟

**حەمەغفور:** هێزەچەپو کۆمۆنیستەکانی چەشنی ئێمە، جگەلەکۆمەکو هاوکاری کرێکارانو ئازادیخوازانو ئەندامانو لایەنگرانی خۆیان، هیچ کەسو دەولەتێکی ئەم جیهانەهیچ جۆرەهاوکاریەکی پێناکەن. چونکەنوێنەرایەتی ئەو پەیامەی مانیفێستی کۆمۆنیست دەکەن کەزیاد لەسەدو پەنجا سال پێش ئێستا مارکسو ئەنجلس وەکو بەرنامەی ئەلتەرناتیڤی کۆمەلی بۆرژوایی خستیانەبەردەم چینی کرێکارو کۆمەلگاوە لەدوو تەجروبەی کۆمۆنەی پاریسو شۆڕشی ئۆکتۆبەری 917ی ڕوسیادا نموونەی ڕاستەقینەی دەسەلاتو ئیرادەی ئازادانەی کرێکارو بەشمەینەتانی کۆمەلیان هێنایەمەیدانو ترسی بێوێنەیان خستەدلی چینی بۆرژوازی جیهانیەوە.

**چرکە:** پیت وایەرۆژیك بیت لەکوردستان هیزەچەپەکان بگەنەسەر دەسەلات؟

**حەمەغفور:** هێزێکی کۆمۆنیستی کرێکاریو رادیکالی چەشنی ئێمەکەسیاسەتو بەرنامەو ئامانجەکانی بەتەواوی ڕێكو جووتەلەگەل خواستو هیواو ئاواتی کرێکارانو خەلکی بەشمەینەتی کوردستاندا، هەر ئەم ویکهاتنەوەیەخۆی هێزو ئومێدێکی گەورەیەبۆسەرکەوتنی کۆمۆنیزم لەکوردستان. لۆژیکی ژیانی سیاسی کەمتر جێگای نەشئەو خەیالێدانی تێدا ئەبێتەوە. کۆمەلگا میکانیزمی کۆمەلایەتیو سیاسی خۆی دەرهاویشتووەبۆ زۆرانبازی لەسەر بردنی دەسەلاتی سیاسی. ئەگەر حیزبی ئێمەش تیپێکی شایستەو کارامەبێتو یاری باش بکاتو دەست بگرێت بەمیکانیزمەکۆمەلایەتیەکانەوەو دەوری مێژووی خۆی بنوێنێ، هیچی لەجوولانەوەی ناسیونالیستی کوردی کەمتر نیەو قیافەو لیاقەی تەواوی ئەوەی هەیەکەلەهەر دەرفەتێکی ئاییندەدا تابلۆکەهەلگێڕێتەوەسەر باری ئاسایی خۆیو دەسەلاتی سیاسی بگرێتەدەستیو ژیانی خەلك بگۆڕێو هیواو ئاواتەکانی زۆربەی هاولاتیان بەێنێتەدی.

**چرکە:** زۆرجار دەبیندریت ئیوەدژایەتی



ليستی گۆران ونەشیروان مستەفا دەکەن، هۆی ئەمەپەیوەندی هەیەبەرووداوەکەی قرناقەو پشتئاشان یان هۆی تر؟

**حەمەغفور:** من لەو بارەوەبێگومان ڕای تایبەتی خۆم دەڵێم. هەڵوێستی ڕەسمی حیزبی ئێمەسەبارەت بەڕەوتی نەوشیروان مستەفا تاڕادەیەك لە ڕاگەیاندنو سیاسەتی حیزبدا هاتووە. بەلای منەوەڕەوتی نەوشیروان مستەفا جیناحێکی هەلکەنراوی جوولانەوەی کوردایەتیەلەنێو یەکێتی نیشتمانیدا. تایبەتمەندی ئەم ىَ اراستەقەومیەکوردیەکۆنەپەرستربوونی و توندڕەوتربوونیەتی لەڕووی برەودان بەدەمارگیری میللیو باوەشێنکردنی نەزعەی نەتەوەچێتیدا. لەلایەکی تریشەوەئەم ڕەوتەخۆی وەکو ڕەوتی ڕیفۆرمیستی نێو بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردی هەلئەخا، بەلام لەواقیعدا خۆی تەوژمێکی توندڕەو وەسەرکوتگەرو تەنانەت خۆسەپێنو میرمکوتەکیشە. هەرچەند وا نیشان ئەدا کەلایەنگری حکومەتی دامەزراوەییو مۆدێرنیزمە، بەلام زۆر زیاتر لەپارتیو یەکێتی مۆرکی عەشیرەییزالەبەسەریداو تەوژمێکی توندڕەوی وا لەمێژوویدا نیشانیداوەکەدواییین چارەسەری بۆ هەر ململانێو کێشەیەکی سیاسی، هەر چەکو لوولەی تفەنگەکان بووە.

تاوانو کارەساتی قڕناقاو پشتئاشان نموونەی توندڕەویو میلیشیاییو ملەوڕی ئەم ڕەوتەنیشان ئەداو وەکو تاوانێکی دەستئەنقەستو دلتەزێن بەر لەهەر کەسێك سەرۆکی ئەم ڕەوتە، یانی نەوشیروان مستەفا لێی بەرپرسیارەو لەویژدانی خەلکی کوردستاندا جێگیربووە. پێمبایەبەشی هەرەگەورەی تەمەنی مستەفا تائێرەبەخوێنرێژ، ئاشوبگێڕو پیلانگێڕی نانەوەی شەڕەناوخۆییەکانی تائێستاوەتەواو بووە. هێندەی بەبەرەوەنەماوەتا بەم چەواشەکاریانەی ئێستایەوەخۆی وەکو بەرزی بانان لەو مێژووەخوێناویەپاککاتەوە.

هەر ئەم قارەمانەی نەرمو نیانی سەرپەرشتیاری سەرەکی پیلانگێڕیی جمهوری ئیسلامی ئێران بوو لەدژی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەتەممووزی سالی 2000داو پێنج هاوڕێی کۆمۆنیستیگیان لەسەر دەستی ئێمەبەسەرپەرشتیو بەقیادەی ئەو لەناو جەرگەی شاری سلێمانیدا خەلتانی خوێن کردان. من پێموایەخودی نەوشیروان مستەفا، ڕوخسارێکی دزێوی ژیانی سیاسی کۆمەلگای ئێمەیەوجێگای ئەفسووسەزۆرێك لەڕۆشنبیران خەریکن وەکو سیمبۆلی تۆلیرانسو پێکەوەژیان سەیری ئەکەن. دەردناکترین دەستپێشکەری ئەوەیە، کەسانێك کەبەخۆیان دەلێن ڕۆشنبیرو مۆدێرنخواز بێنوناقۆلاترین کەسایەتی وەکو کاریزمای ئیسلاحات بچوێنن. سەد هەندەی تریش ڕووداو بهۆنێتەوەنەوشیروان مستەفا بۆ خۆ پاککردنەوەلەو مێژووە ڕەشەی ڕابردووی، شیفاعەتی ڕۆژی داگای جەماوەریی بۆ دانادەن. ئەم ڕەمزەی توندو تیژی، زۆرتر نزیکەلەوەی وەکو کەسایەتیەکی دەمارگیری قەومپەرستی چەشنی سەدام حسەین یان ئەوانەی هەولی سڕینەوەی حەریفەکانیان ئەدەن تەماشابکرێت، نەك رابەری چاکسازیو ئیسلاحاتو شتی لەم جۆرە.

**چرکە:** بەبروای تۆ بۆچی هیزەچەپەکان لەهەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان نەیان توانی دەنگێکی ئەوتۆ بەدەست بهینن؟

**حەمەغفور:** وەکو پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، حیزبی ئێمەو ڕەوتی ئێمەسەر بەو جیهانەنیەکەئێوەچەپی پێئەلێن. هەروەها حیزبی ئێمەبایکۆتی هەلبژاردنی پارلەمانی کوردستانی کرد. ئەو چەپانەی کەدەنگو نووزەیەکیان نەبوو لەو هەلبژاردنەدا، هەق وایەچیتر ناوی چەپو کۆمۆنیزمو ئەم شتانەلەخۆیان بکەنەوە. چونکەئەوان نەك هیچ کارئاسانیەك بۆ مەرامو ئامانجەکانی خۆشیانو لایەنگرانیشیان ناکەن، بەلکو وەکو ڕەمزی هیچلەبارانەبوونی کۆمۆنیزمو چەپی کۆمەلگاش، بۆرژوا ناسیونالیستی کوردی بەسانایی ئەتوانێ بەهانەی پێبگرێو بەهۆی ئەو چەپەوەپەلاماری تەبلیغاتیو ئایدیۆلۆژیو تەنانەت فیزیکیش بباتەسەر کرێکارو کۆمۆنیزمی واقعی کۆمەلگای کوردستان.

**چرکە:** پەیوەندیتان لەگەل ئەمریکا لەچ ئاستیکدایە؟

**حەمەغفور:** پەیوەندی ئێمەلەگەل ئەمریکا پەیوەندی دەولەتێکی ملهوڕوداگیرکارەلەگەل خەلکی عێراقدا. ئێمەدەولەتی ئەمریکامان بەناوەندی تیرۆریزمی دەولەتی لەقەلەمداوە. ئەمریکا یەکەم دەولەتی جیهانەکەچەکی بایۆلۆژیو ئەتۆمی لەدژی خەلکی ناکازاکیو هێرۆشیمای یابانی بەکار بردووەو لەچەند چرکەیەکدا دوو شاری گەورەی بەدانیشتوانەکەیەوەلەگەل خاك یەکسان کرد. پشتیوانی بێدریغ ئەکات لەدەولەتی فاشیستی ئیسرائیلو خەلکی مەزلومی فەلەستین قوربانی سیاسەتەدژی ئینسانیەکانی ئەمریکایەبەر لەئیسرائیلیش. هەر ئێستا بەهۆی پشتگیری ئەمریکا لەهەردوو حیزبی دەسەلاتداری کوردیەوە، پارتیو یەکێتی خواستی سەربەخۆیی کوردستانیان سەرکوت کردووەو لەپێناو مەرامی سیاسی تایبەتی خۆیانو بۆ شەریکبوون لەدەسەلاتی سیاسی عێراقدا، کوردستانو خەلکەکەیانبۆ نێو فیدراڵیزمێکی کارتۆنیو بودەلەپالپێوناوەکەئەوسەری لەخۆشیانەوەدیار نیە. کێشمەکێشەکانی نێو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر یاسای

# دەسەڵاتی کوردی لەبەغدا لە نوشوستدایە

هەڵبژاردنو دابەشکردنی کورسییەکانی پارلەمان ئاماژەو بەڵگەی تەواون بۆ چارەنووسی نادیاری کوردستان لەڕووی سیاسیو کۆمەڵایەتیەوەلەژێر سایەی دوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردیدا.

**چرکە:** چۆن دەروانن‌ەپیکهاتەی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەریم،پیت وایەئەو کابینەیەدەتوانیت نادادگەریەکانی کۆمەڵگەی کوردی کەم بکاتەوە؟

**حەمەغفور:** قسەیەکی شەقامی کوردی هەیە، پێموایەلێرەدا هێنانەوەی لەجێی خۆیدایێت؛ عەینی تاسو عەینی حەمام! دوای تێپەڕکردنی هەڵبژاردنی 25تەممووزی ئەمساڵ، نەک من وەکو چاودێرێکی سیاسی، تەنانەت لەئاستی شەقامو ڕای گشتیشدا بەشێوەی پراتیکی، وەزعی گەندەڵیو نادادگەریەکانی کۆمەڵی کوردی وەکو خۆی ماوەو مامەڵەی دەسەڵاتی کوردیش هەر، عەینی تاسو عەینی حەمامەکەی جارانە! شتێکی ئەوتۆ ڕووینەداوە. 45 وەزیرو وەزارەتخانەی بێکارەو ملۆزم، کراونەتە21 وەزارەت. ئەم حکومەتو فەرمانڕەواییەی جووڵانەوەی کوردایەتی، چ کابینەکانی بەرووتر، وەچ ئەمەی ئێستاش، ئەگەر بۆیان بچێتەسەرو خەڵکی یەخەیان نەگرێت بۆ مافەکانیان، بۆ خزمەتگوزاریو بۆ داواکانیان ئەوا هەموو توانایەکیان لەبەغدا چڕ ئەکەنەوەبۆ شەڕەدەنووک لەسەر بەشی خۆیان لەدەسەڵاتی سیاسیو لەداهاتی وولات!

ئەگەر سەرنج بدەن، ئەبینن بەدوای 25تەممووزدا حکومەتی هەرێم زۆر لاوەکی بۆتەوەو لاوەکیش مامەڵەی کۆمەڵگای کوردستان ئەکات. هیچ وەعدو بەڵێنو پەیمانێکیان نەچۆتەبواری جێبەجێبوونەوە. زیاتر سەرقاڵن بەململانێی ناوەندەوەو گوشارەکانی ئەمریکاو ناوەندیان بەباشی پێوەدیارە. دەسەڵاتی کوردی بەڕای من لەبەغدا لەنوشوستدایەو لەپێگەیەکی دیفاعیدایەئەمڕۆ لەگەڵ تەرەفەکانی تری نێو ساحەی سیاسی عێراقدا. مەسەلەی کەرکوکو ناوچەناکۆکی لەسەرەکان خەریکەلەژێر چنگیان دەرئەچێنرێو بۆ ئیستیهلاکی لۆکالی لەئاستی مەسعود بەرزانیو ئەوانی تریاندا هەندێ جار تەسریحاتی هەڕەشەئامێز دەرئەکەن، لەچەشنی کەرکوك هێڵی سوورەو کورد سازش ناکاتو ئەم شتانە. بەشێوەی گشتی کێوێك گرفتو مەسەلەو پرسی کۆمەڵایەتیو سیاسی لەوێ دانراوەو دەسەڵاتی کوردیش سەرقاڵی ساتو سەوداو تەوافوقەبۆ فیدرالیەکارتۆنیەکەی خۆی. بەمجۆرەئەبینین کابینەیەك کەخۆی لەنێو هەڵبژاردنێکی پڕساختەکاریو تەزویرو یارییپێکردنەوەسەری دەرهێنابێت، وەلەپشتی ڕای خەلکیو دەنگی بەشداربووانی سیناریۆی هەڵبژاردنەکەوەبەملەوڕیو تەوافوقات ڕێژەی دەنگو کورسییەکان دیاریکرابن، چوونەسەر باسی وەلامدانەوەبەنادادگەریەکانی کۆمەڵی کوردی لەلایەن وەها کابینەیەکەوە دەردێك دەوا ناکات! چونکەهیچ شتێك گۆڕانی بەسەردا نەهاتووەبەپێچەوانەی هەموو ئەو کەسو لایەنو دەزگا ڕاگەیاندنانەی دایان لەهەڵلاو ووتیان ئۆپۆزیسیۆنی کارا لەپەرلەمان سەریهەڵداوە، هەموو کێشەو گرفتو نادادپەروەریەکانی کۆمەڵگای کوردی لەجێی خۆیانن. بۆ نموونەهەندێ پەروەندەی گەندەڵی کەوتنەڕوو لەچەشنی بۆندەکانی ئاشتی هەورامیو عومەر فەتاحو پاریزگاری سلێمانی دانا مەجید، بەلام هیچ کەس شاهیدی پرۆسێسێکی دادگاییو لێپێچینەوەڵێیان نەبوو وەبەهێنانەئارای باسی لیژنەی نەزاهەدیزەبەدەرخۆنەکران. لیستی گۆڕانیش کەگوایا وەکو فراکسیۆنێکی ئۆپۆزیسیۆن پارلەمان ئەکتیف ئەکاتەوە، سەری ناوەبەجێگاپێ کردنەوەی خۆی لەنێو ململانێکانی بەغداد بۆ کۆرسیو بەشی خۆی لەداهاتی وولات.



## مام ڕۆستەم بۆ چرکە

# نەک پلنیۆم پلیتۆپیش چارەسەری یەکێتی ناکات



**مام رۆستەم پێشمەرگەی دێرینی یەکێتی نیشتمانی و سەرکردەی ئیستای بزوتنەوەی گۆران، لەهەڤپەیڤینێکدا مام رۆستەم باسی دۆخی هەنوکەیی بزوتنەوەی گۆران دەکات،تیشک دەخاتە سەر دەرئەنجامەکانی یەکێتی ، ئەو پێی وایە بزوتنەوەی گۆران سەرکردایەتی نی یە، تەنها نەوشیروان مستەفا سەرۆکی یەتی ،بۆیە خۆی وەک ئەندامێکی لیستی گۆران خۆی ناو دەبات.**

**سازدانی :چرکە**



# یەکێتی مستەلزەماتی مانی کەمتر ماوە، چارەنوسی وەک ئەو حزبانە لێدێت کەبچوک بونەتەوە و بەرەو نەمان دەچن

چرکە: چۆن دەڕوانیتە ئیستای گۆڕان بەتایبەت کەلەئیستادا باس لەوەدەکرێت کەبزوتنەوەی گۆڕان لەپاشەکشەدایە؟
مام ڕۆستەم: ئەوە ئەیلی نی یە، گۆڕان لەپاشەکشەدا نی یە بەڵکو لەگەشەکردنێکی بەقوەتدایە، پیشاندانی خەڵک بەناوی گەڕاوەکانی لایەنگرانی گۆران بۆ ناو یەکێتی دیارە ئەوە بۆخۆی سەخڵەت بوونە،بە هۆی ئەوەی گۆڕان لەگەشەکردندایە.
چرکە: ئێوە چۆن دەڕوانە دەرئەنجامەکانی پلنیۆمی یەکێتی ؟
مام ڕۆستەم: ئەوە پلنیۆم نەبوو پلیزەم بوو، پلیزەم مانای هەر دانیشتون ئەو ماوەیەیان کوشت بەزەمکردنی کاك نەوشیروان ، دەنا پلنیۆم نەبوو.
چرکە: پێت وایە پلنیۆم دەتوانێت چارەسەری گرفتەکانی یەکێتی بکات؟
مام ڕۆستەم: نەك پلنیۆم یەکێتی پلیتۆپیش چارەسەری ناکات، یەکێتی وەك پەڕۆیەکی ڕزوی لێهاتوە چۆن دەستکاری بکەی هەڵدەوەرێت ، چۆن دەستکاری دەکەن خراپ تری دەکەن لەباتی ئەوەی باشتری بکەن.
**چرکە**: پێت وایە گەر یەکێتی لەسەر ئەو حاڵەتەی ئیستای بەردەوام بێت بەچ قۆناغێك دەگات؟
مام ڕۆستەم: یەکێتی مستەلزەماتی مانی کەمتر ماوە، لەبەر ئەوە هەموو حزبێك و جولانەوەیەکی سیاسی کەبەخۆیدا نەچێتەوەو خۆی نوێنەکردوە، لەجەماوەر دابڕا، چارەنوسی وەك ئەو حزبانە لێدێت کەبچوك بونەتەوە و بەرەو نەمان دەچن.
چرکە : لیستی گۆران چ ئامادەکاری یەکی کردوە بۆ هەڵبژاردنی عیراق؟
مام ڕۆستەم: ئێمە بەباشی خۆمان بۆ هەڵبژاردن ئامادەکردوە، هەوڵیش دەدەین من ئومێدێکی گەورەم هەیە بەو هەڵبژاردن تازەیەکەلەسەر ئاستی عیراق دەکرێت.
**چرکە** : پێت وایە ئەو ڕێژەیەی کەلەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان بەدەستان هێنا دەتوانن جارێکی تر بەدەست بهێنەوە؟
مام ڕۆستەم: انشاالله بەئومێدی ئەوەین کەزیاتر نەهێنین کەمتر ناهێنین، بەو میکانیزمەی خەڵك نارازی یە، ناشەفافی و نامەسئولی وای کردوە کەخەڵك روو لەگۆران بکات چونکە تاکە چارەسەر بۆ خەڵکی کوردستان و کەرکوك گۆڕانە ،گۆڕان دەتوانێت مەشاکیلەکانی خەڵك چارەسەر بکات.
چرکە: دوای پلنیۆم دەنگۆی ئەوە هەبوو کەبزوتنەوەی گۆڕان دەبێتە حزب، ئێوە چ هەنگاوێکتان ناوە لەم بارەیەوە؟
مام ڕۆستەم: تائیستا هیچ هەنگاوێکمان نەناوە، تائیستاکە بیرمان لەوە نەکردۆتەوە ببین بەحزب ، جارێ تاکو لەهەڵبژاردن دەبینەوەئەو شتەناکەین، کە هەڵبژاردن کۆتای پێهات و بە ڕێژەیەکی باش چوینە پەرلەمانی عێراق ئەو کاتە بیری لێدەکەینەوە کەچی بکەین.
چرکە: زیاتر ئاراستەکان بەچ ئاقارێکدا دەڕۆن، ئایا گەر گۆران ببێتە حزب پێت وایە دەتوانێت ئەو کاریگەریەی ئیستای بمێنێت؟
مام ڕۆستەم: ئێمە جارێ نەبوین بەحزب، ئێمە جولانەوەیەکی گەورەین لەسەرجەم ناوچەکانی کوردستان هەموو چین و توێژەکان لەگەڵماندایە، پێم وایە یەکێتی حزب نی یەو هەشە، ئەو جولانەوەیەی ئێمە هەتا بشبێت بەحزب نابین بەو حزبەی کەمەڵبەندو لق و ناوچەو کۆمیتەو کەرتمان نابێ، وەك ئەو حزبە ئەوروپیانە لەهەرشاریك ئۆفیسێکمان دەبێ، ئۆفسیی پەرەمان بن، ئۆفیسی گۆران بن خەڵك دەتوانن دواکاری و شەکواکانیان بهێنن بۆ ئەوێ ئەو بنکەیەش بیگەێنن بەشوێنی پێویست .
چرکە: چۆن دە ڕوانی یە جیاوازی سەرکردە سیاسیەکان لەبارەی یاسای هەڵبژاردن؟

مام ڕۆستەم: ئەو پەلە پڕوزەیەی تاڵەبانی کەئیمزای لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکان کردو لێیدا ڕۆی بۆ فەڕەنسا بۆ لای سارکۆزی ، هەر خۆی ئەوەیە جارێکی تر مسۆگەری کات کەتەنازول دەکات بۆ شیعەو بۆ ئیران بۆ ئەوەی جارێکی تر هەڵبژێرێتەوە بۆ ڕەئیسی جمهوری، بەڵام پێم وایە ئەو جارە ئەوە بەخۆیەوە نابینێت.

چرکە: ئێوە گەر دەنگی پێویست بهێنن لەپەرلەمانی عیراق متمانە بەمام جەلال دەبەخشن بۆ ئەوەی ببێتەوە بەسەرۆك کۆمار؟

مام ڕۆستەم : پێم وانی یە، لەبەر ئەوەی ناتوانایە، دووم تەمەنی بەسەر چوە، سێیەم پیاوێکی ئەنانی یە، چوارەم پیاوێکی ناعەدالەتە، پیاوێکی عەدل و شەفاف نی یە، دژی دیموکراتیەتە لەبەر ئەو سەبەبانە .

چرکە: پێت وایە پەرلەمانتارانی لیستی گۆران لەئاست ئەو بەڵیانەدابوون کەلیستی گۆران لەکاتی هەڵبژاردن بەخەڵکی داوە؟

مام ڕۆستەم: پێم وایە زۆربەی ئیشەکان دەکەن، هەمووشیان پێشنیار کردوە ، مەسەلەی دەرماڵەی ژن ،بۆژیانی گەنج، ئەو بەڵینانەی لەکاتی هەڵبژاردن بەخەڵکمان داون لەلای ئەندامی پەرلەمانی لیستی گۆران هەمووی پێشنیار کراوە بۆ پەرلەمان.

چرکە: ئێوە چۆن دەڕوانە کابینەی شەشەم پێت وایە کابینەی شەشەم سەرکەوتو دەبێت؟

مام ڕۆستەم: کابینەی شەشەم کەبەرهەم سالح سەرۆکایەتی دەکات، بەرهەم زۆر لەبەغدا سەرکەوتوو بوە نۆرەی کوردستانە، سەرکەوتو نابێت لەبەر ئەوەی بەرهەم ساڵح هیچی بەدەست نی یە ، پیاوێکی سەرکەوتوو نی یە ، لەبەر ئەوەی حزب دەسەلاتدارە ،ئەو بەس ڕسمەوەك ئالیەتێك دەیجولێنن.

چرکە: پێت وایە کێ لەسەروی د.بەرهەم سالح بڕیار دەدات، مەکتەبی سیاسی یان کەسێکی دیاری کراو؟

مام ڕۆستەم: مەکتەبی سیاسی هیچ



# بەرهەم ساڵح زۆر لەبەغدا سەرکەوتوو بوە نۆرەی کوردستانە، سەرکەوتو نابێت لەبەر ئەوەی بەرهەم ساڵح هیچی بەدەست نی یە

دەسەلاتێکی نی یە بەس خودی تاڵەبانی .

چرکە : هۆی تاك ڕەوی تاڵەبانی بۆچی دەگەڕێتەوە؟

مام ڕۆستەم : بۆ بێدەسەلاتی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی دەگەڕێتەوە، کەبەدرۆ ناوی خۆیان ناوە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی.

چرکە: چۆن دەڕوان ئەو نارەزایەی کەلەپاریزگای سلێمانی هەیە ، تۆ پێت وایە جیکاری زۆر لەنێوان پارزگاکاندا کراوە؟


مام ڕۆستەم: ئەو نارەزایەتی یە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەستی پاریزگاریان بەستوە، حزب بالادەستەو پاریزگار هیچ نی یە مەلبەندو لق شتن.

چرکە: چ هەنگاوێکتان ناوە بۆگێرانەوەی هەوادارە دەرکراوەکانتان بۆ ناو دام ودەزگاکان ، پێت وایە دەتوانن بیان گەڕێنەوە شوێنی خۆیان؟

مام ڕۆستەم: ئێمە لەشکایەت و شکایەتکاریدایین، پەنا دەبەینە هەموو قەوانینێکی یاسایی و حکومی، شکایەتمان کردوەو سەرۆکی هەریم ئیمزای کردوە و قەراری داوە ، بەلام حزب دەوردەبینێت، ئیستا لەهەولێر عەیبی نی یە لەسلێمانی قەرارەکەی حکومەتی هەولێر جێبەجێناکرێت .

## مەریوان نەقشبەندی بۆ چرکە

# حزبە شیعەکان حەج بۆ دەسکەوت و بەرژەوەندی سیاسی خۆیان بەکاردێنن.



مەریوان نەقشبەندی لەدیمانەیەکی چرکەدا باس لەبەرویەچونی رەوشی حاجیانی جیهان دەکات و ئاماژە بەو جیکاری یە دەکات کەدەوڵەتی سعودیە کەلەگەڵ حاجیانی جیهان پەیرەوی دەکات، پێی وایەکە ئەمساڵ رەوشی حاجیان و پرۆسەی حەج بەگشتی پرۆسەیەکی سەرکەوتو بوودەڵێت «حاجیانی کوردستانیش یەکێك بوون لەو شاندانەی جیهان کە سەرکەوتوترین پرۆسەیان بەئەنجام گەیاند و لەروی تەندروستی کەمترین قوربانی هەبوو کە تەنها یەك حاجی لەکۆی 4500حاجی هەرێمی کوردستان لەسعودیە گیانی لەدەستدا و ئەویش بەهۆی تەمەنی زۆر و نەخۆشی پێشوەختەی خۆیەوە بوو،بەتەمەنترین حاجی هەرێمی کوردستانیش بوو،هەندێك کۆسپ و تەگەرەش هەبوو،کە گرنگترینیان نەبوونی نوێنەرایەتی کاریگەر و سەنگینی هەرێمی کوردستان بوو لەناو دەستەی باڵای حەج و عومرەی عیراقدا کەراستەوخۆ سەر بەئەنجومەنی وەزیرانی عیراقە و بەقەدەر وەزارەتێکی حکومەتی عیراق کارمەند و بوجە و کاریگەریی هەیە، بەڵام تائێستا ئێمە لەوەزارەتی ئەوقاف نەمانتوانیوە سەنگ و قورسایی خۆمان لەناو ئەو دامەزراوە حکومیەی حەجدا جێگیر بکەین و ئەوەش هۆکاری سەرەکی بەدیارنەکەوتنی سیاسیانەی کوردە لەوەرزی حەجدا،بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەش وەزارەتی ئەوقاف بەراگەیاندنێکی چالاك بەشداری لەحەجدا کرد و هەمیشە پێشەنگی هەواڵ و چالاکی و روداوەکان بوو،بەجۆرێك بۆ یەکەمجار ئەمساڵ وەزارەتی حەجی حکومەتی سعودیە راستەوخۆ مامەڵەی لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف کرد و جگە لەچاپکردنی رێنمایی تایبەت بەحەج بەزمانی کوردی و هەڵواسینی لەناو شاری مەککە،بەڵێنیشیان داوە ساڵی ئایندە قورئانی پیرۆز بۆ سەر زمانی کوردی وەربگێرن و لەناو کەعبەی پیرۆز و مزگەوتی پێغەمبەر(د.خ)لەشاری مەدینە دابنێن بۆ ئەوەی هاوڵاتیانی کورد سودی لێوەربگرن.یەکێکی دیکە لەکۆسپەکان نەبوونی مورشیدی ئافرەتە لەوەرزی حەجدا کە هێشتا وەزارەتی ئەوقاف نەیتوانیوە ئەم کێشەیە چارەسەربکات،هەروەها شوێنی هەندێ لەحاجیانی کوردستان لەحەرەمی کەعبە لەشاری مەککە دوور بوو،ئەوەش ماندوبونی جەستەیی و مادی بۆ حاجیانی سنوری پارێزگای دهۆك دروستکردبوو.

سعودیەجیکاری لەنێوان حاجیاندا دەکات مەریوان نەقشبەندی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەجیکاری لەنێوان عەرەب و نەتەوەکانی تر، شیعەو سوننە دەکرێت و دەڵێت»حکومەتی سعودیە جیاکاریەکی زۆر لەوەرزی حەج لەگەڵ حاجیانی جیهان دەکات و بەردەوام کێشە بۆ ئەو حاجیانە دروست دەکات کە وڵاتەکەیان لەروی مەزهەبی و سیاسیەوە لەگەڵ سعودیە و دەسەڵاتدارانی سعودیە کێشەیان هەیە، لەناو دەستەی باڵای حەجی عیراقیشدا شیعەی عەرەب بەتەواوەتی کۆنترۆڵی پرۆسەی حەجی عیراقیان کردوە و تەنها رێگای ئەو عەرەبە سوننانە دەکەنەوە کە (بەکرێگیراو)ی شیعەکان بێت،هەموو توانای مادی و مەعنەوی حەجی عیراق لەخزمەت حزبە ئاینیە شیعەکاندایە و ئەمساڵ لەناو بارەگای شاندی حەجی عیراق لەشاری مەککە بەسەدان وێنەی نوری مالکی هەڵواسرابوو بەڵام یەك وێنەی بەرێز جەلال تاڵەبانی هەڵنەواسرابوو،لەکاتێکدا وا باوە تەنها وێنەی سەرۆك کۆمار لەناو بارەگا حکومیەکان لەدەرەوەی وڵات هەڵبواسرێت، ئەمە دوبارە بەدیاری دەخات کە نوێنەرایەتی کورد لەناو شاندی باڵای حەجی عیراقدا لاوازە و حزبە شیعەکان حەج بۆ دەسکەوت و بەرژەوەندی سیاسی خۆیان بەکاردێنن».

سعودیە حەج بۆ دەسکەوتی سیاسی و مادی دەقۆزێتەوە حەج کردن لەگەڵ ئەوەی واجبە لەسەر مسوڵمانان بەڵام زۆرجار دەگوترێت لەلایەن سعودیاوە ئەو مانگە دەقۆزریتەوە، زەختێکی مادی زۆر دەخەنە سەر حاجیان، مەریوان نەقشبەندی بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف ئەوە پشتراست دەکاتەوە دەڵێت»سعودیە بەشێوەیەکی ئێجگار زۆر وەرزی حەج بۆ دەسکەوتی سیاسی و مادی دەقۆزێتەوە و ساڵانە بەهۆی حەج و عومرەوە حکومەتی سعودیە چەندین ملیار دۆلار قازانج دەکات و خراپترین کەرەستە و کاڵا لەم وەرزەدا بەسەر حاجیانی جیهاندا ساغ دەکرێتەوە،هەموو هەنگاوێکی حاجیان هەر لەبەکارهێنانی فرۆکەخانە و شەقامەکانی نێوان (جەددە و مەدینە)(مەدینە - مەککە) (مەککە - مەدینە)(مەککە - جەددە) هەمووی بەپارە لەسەر حاجیان حساب دەکرێت و تەنانەت وەستان لەعەرەفە و مانەوە لەناوچەی(منی)ش لەسەر حاجیان بەپارە حساب دەکرێت و هەموو حاجیەکی جیهان ئەمساڵ تەنها بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی حەجکردن لەلایەن حکومەتی سعودیەوە بری(600)دۆلاری ئەمریکی لێوەرگیراوە، هەر لەم وەرزەدا چەندین تەن زێڕ و زیو لەلایەن زێڕنگەرەکانی سعودیەوە سیاغە دەکرێت و بەحاجیانی جیهان دەفرۆشرێت، بایی دەیان ملیۆن دۆلار ئاوی زەمزەم و دەیان ملیۆن دۆلار خورمای جۆری(عەجوە) و سەدان ملیۆن دۆلار دیاری جۆراوجۆر بەحاجیانی جیهان دەفرۆشرێت،نرخی ئوتێل و کرێی تاکسی بۆ چەندین قات لەهەردو شاری مەککە و مەدینە بەرز دەبێتەوە«

حەج بۆ مەرامی بازرگانی و خۆدەوڵەمەندکردن هەندێك جار باس لەوە دەکرێت بەشێك لەحاجیان بۆ مەرامی سیاسی و بازرگانی کردن دەچن بۆ سعودیە، مەریوان نەقشبەندیش ئەو بۆچونە پشتراست دەکاتەوەو دەڵێت» حاجیانی جیهان و بەتایبەتیش بەشێك لەحاجیانی کورد ئەوانەی چەندین جار سەفەری حەجیان کردوە و ئێستاش دنیا دەکەنە واستە و چەندین فڕوفێڵ دەکەن بۆ ئەوەی بڕۆنە حەج ،حەج بۆ مەرامی بازرگانی و خۆدەوڵەمەندکردن بەکاردێنن و ئەمە لای هیچ کەس شاراوە نیە« حکومەتی هەریم سودلەحەج کردن وەرناگرێت حەج کردن سەرەرای ئەوەی جیبەجیکردنی فەزیکی خوای یە بەڵام بەشێك لەنەتەوەکان لەپاڵ ئەوەدا پرۆسەی حەج وەك دەرفەتێکی سیاسی دەقۆزنەوەو بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی و سیاسی بەکاری دێنن، لەم بارەیەوە مەریوان نەقشبەندی دەڵێت»لەراستیدا بەرنامەیەکی دارێژراو لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ سودوەرگرتنی سیاسی لەپرۆسەی حەج نیە،بەڵام بەرپرسانی حەج و بەرپرسانی وەزارەتی ئەوقاف و زۆر لەخەڵکی کوردپەروەر لەسەفەری حەجدا حەز بەئەنجامدانی چالاکی دەکەن و ئەویش بۆ زیاتر ناساندنی کوردە لەو کۆنگرە ئیسلامیە جیهانیەدا،بەڵام من وەك بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف گلەییەکی زۆرم لەحکومەتی هەرێم و سەرکردایەتی سیاسی کورد هەیە کە هێشتا ئامادەنین وەك زۆربەی گەلانی جیهان سودی سیاسی و نەتەوەیی لەپرۆسەی حەج وەربگرن و زیاتر وەك پرۆسەیەکی ئاینی و فەرزێکی ئیسلام تەماشای حەج دەکەن و مامەڵەی لەگەڵ دەکەن.

بەرتیل لەپێناو چون بۆحەج زۆرجار باس لەوە دەکرێت بەشێك لەحاجیانی کوردستان لەریگەی بەرتیل و واستەوەناویان دەگەڕێتەوە ئەمەش وادەکات مافی کەسانی تر پێشیل بکرێت ، مەریوان نەقشبەندیش پشتراستی ئەو بۆچونەدەکاتەوەو دەڵێت» هەندێ کەس لەهەرێمی کوردستان بۆ حەجکردن پەنا بۆ هەموو شتێك دەبات و تەنانەت هەندێ لەمامۆستایانی ئاینی کە خۆیان فەرمانبەری وەزارەتی ئەوقافن لەچەندین شوێنەوە واستە دەکەن بۆ ئەوەی وەك مورشیدی ئاینی ببرێنە حەج، چەندین کەس هاتونەتە لام و گوتویانە هەرچەند پارە دەڵێن دەیدەین بۆ ئەوەی برۆنە حەج،منیش هەموو جارێك بۆم تەئکید کردونەتەوە کە ئەو حەجەی بە واستە و بەرتیل و پەنابردن بۆ ئەم مەسئول و ئەو مەسئول بێت هەرگیز قبوڵ نابێت و شەرعی ئیسلامیش رەتی دەکاتەوە«.

## محمود عوسمان بۆ چرکە

# یاسای هەڵبژاردنەکان کەموکوڕی زۆری تێدایە




د.محمود عوسمان سیاسی سەربەخۆو ئەندامی پەرلەمانی عیراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی لەگفتوگۆیەکیدا باس لەکەم و کوریەکانی یاسای هەڵبژاردن دەکات، مەترسیەکانی پرچەکردنی جەیشی عیراق دەکات لەسەر هەریمی کوردستان، پێی وایە کەکورد بەهۆی فرەلیستی یەوە دەنگێکی زۆر لەدەست دەدات، بێ ئاگای خۆشی لەوە دەردەبڕێت کەئیران بەڵینی بەجەلال تاڵەبانی دابێت بۆئەوە لایەنە شیعەکان پشتگیری بکەن بۆ بەدەست هێنانی پۆستی سەرۆکی کۆمار .

سازدانی : دیاری حمدڕمین

چركە دوای ئەو گۆڕانكاریانەی لەیاسای هەلبژاردنەكانی عیراقدا كران، تاچەندهەست دەكەیت ئەو یاسا لەبەرژەوەندی كوردایە؟
د.محمود عوسمان: یاساكە زۆرباش نی یە كەموكوری ئەساسی تێدایە، ئەوەیە سەرژمێری تیدا نی یە، قانونی ئەحزابی تێدا نی یە، بەپێی كۆبۆنی خۆراك كراوە، دابەشكردنی كورسیەكان بەشێوەیەكی دادگەرانە نی یە، ئێمە دوامان كرد هەموو عیراق یەك بازنەی هەلبژاردن بێت، بەلام ئەوەنەكرا، لەسالی 2005 قورسی قەرەبوكردنەوە لە 18% بوو ئیستا لە 5% كەئەمە كاریگەری هەیە لەسەر دەنگەكانی كورد لەبەغدا و لەدەرەوە ،بەگشتی قانونەكە بۆ كورد زۆر باش نی یە ن هەتا بۆ گەلی عیراقیش باش نی یە.
چركە: دوای گۆڕانكاریەكانی یاسای هەلبژاردن باس لەوە دەكرێت زیاتر ئەو گۆڕانكاریانە لەبەرژەوەندی عەرەبی سونە دابوو؟
د.محمود عوسمان: دابەشكردنی كورسیەكان لەبەرژەوەندی عەرەبی سونەو هەندێ لەشیعەكانە، وەك زیادكردنی كورسیەكانی هەندێ پاریزگا وەك كەربەلا كەلەشەش كورسی یەوە كرا بەدەكورسی، لەزۆر شوێن لەكۆبۆنی خۆراك تەزویراتی زۆر كراوە، هەیە مردوە ناوی نەسردراوەتەوە، لەدەرەوەیە ناوی هەیە لەتۆماری دەنگداندا ، بۆیە هەندێ پاریزگا ئیستیفادەی كردوە و هەندێ پاریزگا ئیستیفادەی نەكردوە، ناریكی یەك هەیە كەنابێت بكرێ بۆ هەلبژاردن.
چركە:زۆرجار مالیكی و لاینە شیعەكان باس لەمەترسی گەرانەوەی بەعسیەكان دەكەن بۆ ناو پرۆسەی سیاسی، ئایا مەترسی گەرانەوەی بەعسیەكان لەئارادا هەیە؟
د.محمود عوسمان: گەڕانەوەی بەعسیەكان وەك حزب لەئارادا نی یە، ئەو مەترسی یە لەجێی خۆیدا نی یە، ئیلا ئەگەر ئەمریكاو دەوڵەتانی دەرەوە بۆچونیان وابێت كەبەعسمان بۆ بگەرینەوە، ئەوەشتێكی جیاوازە، بەڵام دەكرێ خەلكی بەعسی لەژێر تەیاری ترو باڵی تر و حزبی تر بەشداری لەهەلبژاردنەكان بكەن، ئەوەش شتێكی ترە.
چركە: ئیستاكە باس لەوە دەكرێت لەلایەن ئەمریكاو نەتەوە یەكگرتوەكانەوە بەڵینی زۆر بەكورد دراوە، بەبرواری تۆ ئەو بەڵیانە چین كەئەمریكا لەبەرامبەر قبولكردنی یاسای هەلبژاردنەكان بەكوردی داوە؟
د.محمود عوسمان: ئەوە بەڵین نی یە بەلكو بەیانێك دەرچوە، لەلایەن كۆشكی سپی ئەمریكا، ئەو بەیانە باس لەوەدەكات كەئێمە ریز لەدەستوری عیراق دەگرین، ئەوە شتێكی باشە، بەلام بۆ هەموو عیراقیەكانە، نەك تەنها بۆكورد، ئێمە پیمان خۆشە خەلك ریز لەدەستور بگرێت، بەلام ئەوە گرنتی تەواو نی یە، باس لەمادەی 140 ی دەستور دەكات، دەلێت بەشێكە لەدەستور، جیبەجیكردنی گرنگە، لەهەمانكاتدا باس لە142ش دەكات، كە142 گۆرینی دەستورەو دوادەكات دەسكەوتەكانی كورد لاببرین، پاشان ئەو بەیانە باس لەوە دەكات، كەدبێ كێشەكانی هەریم بەغدا بەپێی دەستور چارەسەر بكرێن ، هەمووی قسەیەگرەنتی نی یە، بەیانێكە دەرچوە، بەیانێكی رۆژانەمەوانی یە، پاشان چارەسەر بەدەست ئەمریكا نی یە، بەدەست دەولەتی عیراقە و لایەنە عیراقیەكانە، ئەمریكا وانیشان دەدات ئامادەیە هاوكاری بكات لەچارەسەركردنی ئەو كێشانە، بەبرواری من ئەو بەیانە باشە بەلام زۆر گەورە كرا كەگەورەكردنی شتێكی باش نی یە، چونكە میللەتی خۆمان پێی چەواشە دەبێت.
چركە : پێت وایە پێویستە كورد لەئایندەدا لەگەڵ چ لایەنێك هاوپەیمانی پێك بهێنێت، بۆ ئەوەی بتوانێت دەسكەوتە سیاسی ی و نەتەوەیەكانی خۆی زیاتر بكات؟



# چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بانگەشەی هەڵبژاردنە

د.محمود عوسمان: بەرای من پێویستە کورد تادوای هەڵبژاردنەکان رەئی یەك بێت، لەناو پەرلەماندا کورد یەك دەنگ بێت و هاوهەڵوێست بێت ،خۆ ئەگەر یەك لیست بوایە باشتر بوو، بەڵام مادام ئەوە نەکرا دەکرێت یەك هەڵوێست بین، پاشان بزانین دوای هەڵبژاردنەکان کێ قورسای هەیە لەناو پەرلەماندا ، کێ زیاتر لەئامانجەکانی ئێمەوە نزیکە، کێ زیاتر دێتە پێشەوە و پشتیوانی کێشەی کورد دەکات، پێویستە لەگەڵ ئەودا هاوپەیمانی بکرێت.

چرکە: بەردوام جەیشی عیراقی پرچەك دەکرێن، زۆرکەس پێی وایە ئەو پڕچەککردنە کاریگەی سلبی هەیە لەسەر کورد، مەترسی هەیە بۆ سەر ئەزمونی هەریمی کوردستاندا؟

د.محمود عوسمان: ئەوە دەکەوێتە سەر پەیوەندی نێوان هەریم و بەغدا، بەڵام جەیش خەڵکی ئێمەشی تێدایە، سەرۆك ئەرکان کوردە، نوێنەری ئێمەش لەناو جەیشدا هەیە، بەلام پڕچەکردنی جەیشی عیراقی شتێکی باش نی یە، لەسەردەمی ێەدام جەیش هەمووی بەکارهاتوە بۆشەری میللەت و شەری نارەوا لەگەڵ ئەو دەوڵەت و ئەو دەوڵەت، پێویستە جەیش ئەوەندە هەبێ بەرگری لەوڵاتەکەی بکات، بەکاریش نەهێندرێت بۆ کارو بارە ناوخۆ ، ئێمە لایمان لەوەنی یە کەجەیش چەکی هەبێت بەڵام پێویستە ئێمەش وەك شەریکی عیراق ئاگادار بین، کەبۆچی دەکردرێن ، گرینگیان چی یە، جۆری چەکەکان چین، دەبێت عنایێری کوردستانیش وەك ئەوان پرچەك بکرێن.

چرکە: پێت وایە کورد بەهۆی فرەلیستی یەوە چەند کورسی پەرلەمانی عیراق لەدەست دەدات؟

د.محمود عوسمان: ئومێدەوارەم زیارتمان دەست بکەوێت ، شت لەدەست نەدەین، بەڵام نازانم چۆن دەبێت، خەڵك چەند دەنگ دەدات، چۆن هەڵبژاردن دەروات بەڕێوە، پاشان ناوچە دابراوەکان کورد چەند دەنگ دەهێنێت، ئەو شتانە بریار لەسەر ئەوە دەدەن کەژمارە کورسیەکانی زۆردەبێت یان کەم، بلەڕم لەفرەلیستی زەرەد دەکەین چونکە لەناوچەیەك سێ چوار ، دەکەس لەلیستە یجاوازەکان خۆیان کاندید دەکەن، هەندێك لەوانە دەهەزار پازدەهەزار دەنگ دەهەێنێت بەڵام ناتوانێت بگاتەپەرلەمان لەو کاتەدا ئەو دەنگانەی کورد دەڕۆن بۆ لایەنێکی تر بەتایبەت لەناوچە دابراوەکان.

چرکە: باس لەوە دەکرێت کەئیران لەریگەی لایەنە شیعەکانەوە بەڵێنی بەمام جەلال داوە کەپۆستی سەرۆکی کۆماری عیراقی پێبدرێتەوە،ئەویش لەبەرامبەر بەدەست هێنانەوەی پۆستی سەرۆك کۆمار سازشی لەسەر یاسایی هەڵبژاردنەکان کردوە؟

د.محمود عوسمان: برواناکەم ئەوە پەیوەندی هەبێت بەمەسەلەی هەڵبژاردنەکان، نازانم کەئیران هیچ بەڵێنی بەمام جەلال دابێت و زنیاریم لەوبارەیەوە نی یە، بەڵام خۆتان دەزانن هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار لەریگەی متمانەی ئەندامانی پەرلەمانەوە دەبێت، ئەگەر پەیوەندیەکانی کورد باش بێت و لایەنەکانی تر دەنگی پێ بدەن مومکینە کورد بتوانێ سەرۆك کۆمار بۆخۆی ببات.

چرکە: ماوەیەکە باس لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەریم بەغدا دەکرێت ئایە ئەوە بانگەشەی هەڵبژاردن یان بەشێوەیەکی پراکتیکی هەنگاوی ناوە؟

د.محمود عوسمان: ئەمە کاری لەسەر کراوە، بەڵام حسابی هەڵبژاردنیشی تێدایە، مومکینە هەر چیهەتێك هەر هەنگاو بهاوێت حسابی هەلبژاردن بکات و حسابی سیاسی بکات ، بەڵام هەنگاو هەیە بۆئەوەی زەمینە خۆشبکرێت چونکە چارەسەرکردنی ئەو کێشانە زەحمەتن.



## لایەنگرانی گۆڕان هەڵوێستی خۆیان دەگۆڕن

# گەڕانەوەی لایەنگرانی گۆڕان سیناریۆی یەکێتی یە یان

ڕاستەقینە

عارف ڕوشدی

# ئەو برادەرانەی دەگەڕێنەوە ناو یەکێتی گەیشتونەتە ئەو قەناعەتەی کەبۆچونی پێشویان لەجیگەی خۆی دا نەبوەو بەهەڵەداچون




لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا لیستی گۆران کەئەندامانی دەست لەکار کێشاوەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی دروستیان کردبوو توانی بیست و پێنج کورسی پەرلەمان بەدەست بهێنێت، هێنانی ئەو ڕێژەیە لەلایەن سیاسیەکان وەك گورزی لیستەکە لەیەکێتی وەسف دەکرا، پێیان وابوو بەشێکی زۆر لەیەکێتی یەکان دەنگیان بۆ لیستی کوردستانی نەداوە، ئەمە وای کرد یەکێتی لەدوای هەڵبژاردنەکان بەخۆیدا بچێتەوە بۆ ئەوەی حزبە هاوپەیمانە ستراتیژیەکەی (پارتی) لەدەست نەدات، پالانسی جەماوەری خۆی ڕاست بکاتەوە، بۆ ئەمە مەبەستە خۆی بۆ پلنیۆم ئامادەکردو لەماوەی سێ ڕۆژدا کۆتایی بەپلنیۆم هات، یەکێك لەبڕیارەکانی پلنیۆم دەرگا وەلاکردن بوو بۆ گەرانەوەی ئەندامان و لایەنگرانی لیستی گۆران، دوای ئەوە رۆژانە لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنی یەکێتی کۆمەڵێك گەنج و کەسانی جیا پیشان دەدران بەناوی گەراوەکانی لیستی گۆران بۆ ناو یەکێتی.

عارف روشدی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەبارەی ڕێژەی گەراوەکانی هەوادارنی لیستی گۆران بۆناو یەکێتی دەڵێت» ڕێژەیەکی باش دەگەڕێنەوە ، ڕۆبەرۆژ ئەو ڕێژەیە لەبەرزبونەوەدایە، ئەو کەسانەی خۆیان بەهەوادارو دەنگدەری گۆران زاینوە گەیشتونەتە ئەو قەناعەتەی کەبۆچونی پێشویان لەجیگەی خۆی دا نەبوە، بەهەڵەداچون ، بۆیە پێویست دەکات بگەڕێنەوە ناو یەکێتی چ وەك ئەندام ولایەنگر چ وەك دەنگدەر، ئەوەکاریکی شیاوە، چونکە ئینسان کەبیربکاتەوە دەگاتە قەناعەت و هەلوێستی خۆی دەگۆڕێت، ئەو برادەرانەش کەدەگەڕێنەوە ناو یەکێتی پێم وایە قەناعەتیان گۆڕانی بەسەرداهاتوە« بەلام سەرکردەی لیستی گۆران عوسمان بانیمارانی ڕەتی دەکاتەوە کەهیچ کەسێك لەکادیرانی لیستەکەیان گەرابێتەوە بۆ ناو یەکێتی و دەڵێت «ئەوەی بەناو گە ڕاوەکان پیشانی جەماوەر دەدرێت شتێکی ڕاستەقین نی یە ، پیشاندانی ئەوانە بەشێکە لەپروپاگەندەی هەڵبژاردن و هیچی تر نی یە، تەسەورناکەم ئەو کەسانەی پیشان دەدرێن گۆران بووبن ،لەوانەیە چەند کەسێك موچەیان هەبووبێ کادیربوون رەنگە بگونجێت بگەڕێنەوە ،بەلام ئەوانەی پیشان دارن هیچیان

کادیری یەکێتی نەبون بۆچی دەگەرینەوە ناو یەکێتی ،بۆیەتەسەورناکەم ئەوانە گۆران بووبن چونکە ئێمە هیچ کەسێك لەوانە ناناسین» هەرچەندە یەکێتیەکان ژمارەی گەراوەکانی لیستی گۆران بەهەزارەکەس دیاری دەکەن بەڵام ئەندامانی لیستی گۆران پێیان وایە ئەو حاڵەتە چارەسەری دەردەکانی یەکێتی ناکات، هەروەك عوسمان بانیمارانی ئاماژەی بۆدەکات «هیچ شتێك چارەسەری دەردی دەسەلاتی کوردی ناکات ، هەموو حزبەکان دەبێت گۆڕان کاری بکەن چونکە ئەو حزبانەی کەکۆن بون گۆرانکاریان نەکردوە خەڵك تورەیە گۆرانکاری دەوێ، ئەو حزبانە هیچیان ناتوانن تورەیی خەلك سارد بکەنەوە ،گۆرانکاری بۆتە داوایەکی جەماوەری» . لەبارەی هۆکاری گەرانەوەی لایەنگرانی لیستی گۆران بۆ ناو یەکێتی بیروبۆچونی جیاواز هەیە، یەکێتیەکان پیان وایە ئەو کەسانە پێشتر بەهەڵەداچوون و فیلیان لیکراوە، ئیستا قەناعەتیان گۆرانکاری بەسەرداهاتوە لەبەرامبەر ئەو بۆچونەدا بەشێکی تر پێیان وایە یەکێتی بودجەیەکی زۆری بەمەبەستی گیرانەوەی ئەندامانی لیستی گۆران تەرخان کردوە، هەموو ئەوانەی دەگەرێنەوە پازدە ملیۆن دیاریان پێدەدرێت ،بەشێکیشیان ئۆتۆمبیلی مۆدیل بەرزیان بۆدابین دەکرێت، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان (عارف ڕوشدی) پێدانی ئیمتیازاتی ماددی بەشتێکی نادروست دەزانێت و ڕەتیشی دەکاتەوە کەلەبەرامبەر گەرانەوەی ئەندام و لایەنگرانی لیستی گۆران یەکێتی پارەی پێدابن، دەڵێت» ئەوەراست نی یە ، دەبێ هەموومان بزانین مەسەلەی ئیمتیازات کاریکی نەشیاوبوە، ئەگەر گرفتێکمان هەبووبێ لەئەنجامی ئیمتیازاتەوەبوە، تەنها ئەو کادیرانەی لەکاردان پێویستی کاریان بۆدابین دەکرێت، ئەگەر پلەو پایەیان هەبێ، بەپێی دابو نەریتی ریکخراوەی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت». هەروەها عوسمان بانیمارانی ئەندامی دەست لەکار کێشاوەی یەکێتی و سەرکردەی ئیستای لیستی گۆران دەڵێت « هەموو کادیرەکانی ئێمە وەزعیان خراپە ،ئەگەر ئیمتیازی مادیان بدەنێ پێم باشە هەموویان وەریبگرت هەرگۆرانیش بن « لەسەرو بەندی هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو کەناڵی کەی ئین ئین کەسەر بەکۆمپانیای ووشەی لیستی گۆڕانە پۆل پۆل ئەو کەسانەی نیشان دەدات کەلەریزی یەکێتی یەوە دەهاتنە ناو لیستی گۆران، یەکێتیەکانیش ئەو حاڵەتەیان وەك سیناریۆی لیستی گۆران دیاری دەکرد بەلام دواتر دەرکەوت کەجەماوەرێکی زۆری یەکێتی پشتگیری لەلیستی گۆران دەکات ، بەپێچەوانەشەوە لەئیستادا لەکەناڵەکانی یەکێتی ئەو کەسانە پیشان دەدرێن کەلەلیستی گۆرانەوە دەگەرێنەوەناو ریزەکانی یەکێتی و لیستی گۆرانیش پێی وایە ئەو سیناریۆی یەکێتی یە ، (عارف ڕوشدی) ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەدوی گەرانەوەی ئەو کەسانە بەراستەقینە دەزانێت ،بەلام پیشاندانانیان لەکەناڵەکان وەك حالەتێکی باش وەسف ناکات و دەڵێت»من بۆچونی تایبەتیم هەیە لەم بارەیەوە ، من لەگەڵ ئەوەدانیم ئەوەندە ئەوە کەسانە لەلایەن وەسائیلی راگەیاندن پیشان بدرێن ، ئەو کەسانەی لەئێمە تورەبون ئیستا هەلوێستی خۆیان گۆڕیەوە پێویستە بەشێوەیەکی نۆرمال بگەڕێنەوە باشترە«.

**عوسمان بانیمارانی**

## ئەوەی بەناو گەڕاوەکان پیشانی جەماوەر دەدرێت شتێکی راستەقین نی یە بەشێکە لەپروپاگەندەی هەڵبژاردن، ئێمە هیچ کەسێک لەوانە ناناسین

# چرکە هەوڵەکانی پارتی داد و گەشەپێدان بۆ داخستنی DTPبڵاو دەکاتەوە

ئا: فەرمان عبداللە



دوای چەندین دانیشت دادگای توركیا بڕیاری قەدەغەکردنی پارتی کۆمەڵگەی دێموکراتی دا ،بەبیانوی پشتگیری کردنی ئەو پارتە لەهێزەکانی پەکەکەو بەتیرۆرست نەزانینی گەریلاکانی کورد، ئەم بریارە بوە هۆی نارەزایی زۆریك لەوڵاتان ، هاوڵاتیانی کوردستان، ئاڵۆزبونی دۆخی ناوخۆی تورکیا، بەشێك لەسیاسیەکان پێیان وایە قەدەغەکردنی پارتی DTP کوردی سەرتای لەناو بردنی پرۆسەی کرانەوەیە، ئیفلی کردنی ئەو پرۆسە دێموکراسیەیە کەماوەیەکە پارتی داد و گەشەپێدان بانگەشەی بۆ دەکات، سەرەتایەکیشە بۆ سەرهەڵدانەوەی شەری نێوان جندرمەکانی تورك و خەباتگێرانی پەکەکە. داخستنی D T P بریاریکی سیاسی یە نەك یاسایی نەجیبە عمر ئەندامی دەستەی کارگێڕی پارتی چارەسەری دێموکراتی کوردستان ئەو بریارە بەشتێکی سلبی دەزانێت و پێی وایە لەم ریگەیەوە دەولەتی تورك نیازی خۆی بەرامبەر بەکورد ئاشکرا کرد و دەڵێت»داخستنی D T P بریاریکی سیاسییە نەك یاسایی، وپێداگری یەلەسەر شە ڕ و نەهێشتنی دیالۆگ ، بێگومان هەوڵەکانی دەوڵەتی تورك بۆداخستی پارتی DTP دورودرێژن و لەمێژە کاری بۆدەکات ، ئەمانە گرێدراوی ئەو تەنگەژەیەکەدەوڵەتی تورك رووبەروی بۆتەوە لەدەرئەنجامی ئەو پێشکەوتنانەی کورد و شکستی دەوڵەتی تورك لە ئۆپەراسیۆنەکانی بۆ سەر گەریلاو شکستی پلانگێریە نێودەوڵەتیەکانی



# قەدەغەکردنی DTP پرۆسەی کرانەوە

دژی کـــورد ، لەبەرامبەر ئەوەدا کورد کۆمەڵێك هەنگاوی باشـــی ناوە لەوانە ســـەکەوتنی DTP لەهەلبژاردنەکان و بەدەســـت هێنانی ســـەد سەرۆکی شـــارەوانی ،کەئەمە بۆدەوڵەتی تورك شکســـت بوو، لەگەڵ ئـــەوەی هیزی گەریلا ئاگربەستی راگەیاندوە، بەڵام دەبینین دەوڵەتی تورك دەست دەگرێت بەسەر نەخشـــەرێی بەریز ئۆجەلان ، لەســـەر بریاری ریڤەبەری کورد ئاپۆ دوو گروپی ئاشتی لەگەندیل و کەمپی مەخمـــور گەرانـــەوە تورکیا،لەلایەن گەلەوە پێشوازی یەکی زۆر گەرمیان لیکـــرا، بۆ وەلام دانەوەی ئەو شـــتانە ئەردۆغان و حکومەتەکەی پرۆژەیەکی ئامادەکرد بەناوی کرانەوەی دێموکراتی، بەڵام لەئەساسدا ئەو پرۆژەیە هەولێك بوو بۆ پاکتاو کردنی گەلی کورد ، ئەو پرۆژەیـــە بۆ ئەوەیە چۆن گەلی کورد لەپەکەکـــە و ریڤەبەرەکەی داببرێنن، کوردێکی بێ ناســـنامە پێش بخەن. ئـــەو برِیـــارە دژی دێموکراســـی یە لەگەڵ دەرکردنـــی ئەو بریارە جۆریك لەنارەزایی لەنێوان هاولاتیانە و نوسەرو رۆژنامەنوســـانی کـــورد لەباشـــوری کوردستان دروســـت بوو،پێیان وایە ئەو بریارە خەونەکانی چەند مانگی رابردوو لەناو دەبات ، بەتایبەت کەلەئیســـتادا کـــورد ئامادەگـــی تـــەواوی جـــێ بەجێکردنی هەمـــوو میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی کێشەکەیە لەتورکیا . ئەبوبەکـــر کاروانی ئەندامی مەکتەبی سیاســـی یەکگرتـــووی ئیســـلامی کوردســـتان جەخت لەسەر ئەوە دەکات ئەو بریارە لەئەساســـدا بۆ بەرتەســـك کردنەوەی ئازادی رادەربرینە لەتورکیاو دەڵێت»ئەو باسە بەشـــێکە لەئازادی رادەربرین ، خۆریکخستنەوەی سیاسی ، ئەو کۆت و بەندانەی کەتاکو ئیستا کۆمەڵێك دەقی دەســـتوری لەیاسای کۆن بەسەر دێموکراتی داینـاوە لەتورکیا ،تەگەرەخستە بەردەم بزوتنەوەی ریفۆرم خوازی و رەوتی گەشەپێدانی دێموکراسی لەتورکیا ،بۆیە هەمـــوو ئەو بریارانە لەجەوهەردا یەکسانن بەسنوردارکردنی کار و چالاکـــی هیزە سیاســـیەکان و دژایەتـــی کردنی دیموکراســـی» . داخستنی D T P بریـــاری داد وگەشـــەپێدانە هەندێك لەسیاســـیەکان پێـــان وایە داخستنی DTP برِیـــاری پارتی دەســـەلاتداری دادوگەشەپێدانی تورکیـــا نی یـــە، بەڵکـــو بەبریاری



# ی تورکیا پەک دەخات

پارتە رەگەز پەرستەکانی مەهەپە و جەهەبەی تورکی یە. ئەندامی دەستەی کارگێڕی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان (نەجیبە عمر ) ئەو بۆچونانە بەناراست دەزانێت و ئەو بریارە وەك بریاری پارتی دەسەلاتدار سەیری دەکات و دەڵێت»هەرچەندە لەباشوری کوردستان هەندێك کەس پێیان وایە جیاوازی یەك هەیە لەنێوان بۆچونی پارتی داد و گەشەپێدان و پارتی نەتەوەپەرستی تورك(جەهەپە) بەڵام تێڕوانینەکان هەموویان یەکن ، پارتەکەی ئەردۆغان دەڵێت ئێمە بەزمانێکی نەرم پاکتاوکردن بەسەر گەلی کوردا جێ بەجێدەکەین، هەردوو پارتی جەهەپە و مەهەپەدەڵێن ئێمە بەزمانێکی توند رووبەروی ئیرادەی کورد دەبینەوە، واتا هەردووکیان یەك ئامانجیان هەیە.راگرتی پارتی DTP ئەوە رادەگێنێت کەپرۆژەکەی حکومەتی تورك پێداگری یە لەسەر نکۆڵکردنی ئازادی و بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد.بێگومان ئەو بیروڕایەکی هەڵەیە و حکومەتەکەی ئەردۆغان ویستی لەژێر ناوی کرانەوەی دیموکراسیدا هەموو جیهان چەواشەبکات، ئەوەی دەسەلاتدارە ئەردۆگانە، ئەوەی لەماوەی رابردوودا دۆسیەی کۆکردۆتەوە بۆ داخستنی DTP ئەردۆگان بوو، ئەردۆگان دان بەکورد بووندا دەنێت بەڵام وەك حزبی بەعس کوردێکی بیئیرادە، کوردێکی جاش قبوڵ دەکات،واتە کوردێکی خاوەن ناسنامە قبوڵ ناکات . پەیوەندی بەحکومەتەوە نی یە بەڵام ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان( ئەبوبەکر کاروانی) رایەکی پێچەوانەی هەیە و ئەوەبەبریاری پارتە رەگەز پەرستەکانی کورد دەزانێت و دەڵێت»ئەوە رونە کەدادگای بالای دەستوری لەکەمالیستەکان پێکهاتوە ، لەسوپاو هیزە ناسیۆنالیستەکان پکهاتوە،لەسکۆلاریستەکان نزیکە ،چونکە ماوەیەك لەمەوبەر دادگا هەرەشی داخستنی پارتی داد و گەشەپێدانی دەکر،بۆیە داخستنی DTP پەیوەندی بەئۆپۆزسیۆن و کەمالیستەکانی تورکیاهەیە نەك حکومەت».



# کۆسرەت ڕەسوڵ نەوشیروان بەئەندازیاری شەڕی

## مام جەلال شەری نێوان کۆسرەت رەسوڵ و نەوشیرو

لەدوای پلنیۆم شەڕی کوتلەکانی ناوخۆی یەکێتی ئاراستەیەکی نوێی وەرگرت، شەڕێك کەهیچ سیاسی یەك پێشبینی ئەوجەنگە راگەیاندنەی نەدەکرد، جەنگێك لەنێوان دوو هاوڕێ کەهەتا ئیستا خۆیان بەپاڵپشتی یەکتری دەزانی و هاوپەیمان بوون بۆ لاوازکردنی هەیمەنەی بنەماڵەی تاڵەبانی . لەیادەشتەکانی ئەمجارە نەوشیروان مستەفادا کۆمەڵێك نەهێنی نوێ و لایەنی شاراوەی پێکهاتەو پەیوەندی نێوان ئۆرگانەکانی یەکێتی ئاشکرا دەکات، بۆیەکەم جار پەردە لەسەر ئەدای حکومەت لەسەردەمی حکوم رانی کۆسرەت رەسوڵ هەڵدەداتەوە، کۆسرەت رەسوڵ وەك کەسێکی گەندەڵ ناو دەبات و دەڵێت « لەسەردەمی حکومرانی کۆسرەت رەسوڵ گەندەڵی باڵ دەکێشێت بەسەر حکومەتدا و بودجەی حکومەت لەشەوەتاریکەکاندا بزر دەکرێت» نەوشیروان مستەفا بەشێوەیەك باس لەکۆسرەت رەسوڵ دەکات کەسیاسیەکان پێیان وایە ئەمەسەرەتای کۆتای هاتنی پەیوەندی نێوان هەردوو هاوڕێ یە، سەرەتایەکی نوێشە لەشەری کوتلەکاری ناو یەکێتی، بەشێوەیەك کەشەڕی کوتلەی گشتی لەدژی نەوشیروان مستەفا وەزیفەکەی گواسترایەوە بۆ شەری نێوان دوو سەرکردەی ئەو حزبە، کەهەتا ئیستا لای زۆربەی یەکێتی یەکان وەك فریاد رەس و چارەسەری دەردەکانی یەکێتی وێنە دەکران.



# ناوخۆی یەکێتی دەزانێت

# ...رانی هەڵگیرساند

**راپۆرتی شیکاری :تایبەت**

کۆسرەت لەبری تاڵەبانی شەڕدەکات ووتاری تاڵەبانی لەکاتی بەریوەچونی پلنیۆم پر بوو لەزەمکردنی نەوشیروان، بەشێوەیەك هەموو گرفتەکانی ناوخۆی یەکێتی بەستەوەبەمامەڵەی نەوشیرون مستەفا لەتەك یەکێتی، وەك یەکێك لەدەرئەنجامەکانی پلنیۆم سەرکردەکانی یەکێتی پەیماننامەی پاراستی یەکێتیان ئیمزاکردو بریاریان دا واز لەکوتلەکاری بهێنن.زۆریك لەچاودێرانی یەکێتی پێیان وایە ئەو پەیمانە پەیمانی نێوان تاڵەبانی و کۆسرەت ڕەسوڵ بووچونکە تەنها ئەو دوو کاراکترە دەتوانن ئەو پەیمانە جێ بەجێبکرێت، ریگری لەو دیاردەیە بکەن.پێشیان وایە تاڵەبانی بەو پەیماننامەیە توانی شەڕی لیستی گۆران لەخۆی و کوتلەکەی دوربخاتەوە، دوو دۆستە مەترسیدارەکەی سەر دەسەڵاتی ئەو بەجەنگی یەکرتەوە سەرقاڵ بکات .

**نەوشیروان ئەندازیاری تێکەڵکردنی حزب و حکومەت**

کۆسرەت رەسوڵ لەدوای بڵاوکردنەوەی یادشاتەکانی نەوشیروان وەڵامێکی توندی دەداتەوە،بەکۆمەڵێك قسەی دیکۆمێنتار نەهێنیەکانی گەندەڵکاری نەوشیروان ئاشکرا دەکات و لەبەشێکدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەئەندازیاری تێکەڵکردنی حزب و حکومەت نەوشیروان مستەفا بوو و دەڵێت «کاك نەوشیروان لەساڵی 1993 وەك جێگری سکرتێری گشتی بەفەرمی داوای لەمن دەکرد وەك سەرۆکی حکومەت سەدان دۆنم زەوی سلێمانی تاپۆ بکەم بەناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوەکەیەکێ لەو زەوییانەشوێنی ئەم ئوتێلەی شاری جوانی کاك فاروقی مەلا مستەفا بوو». هەروەها کۆسرەت هیما بۆ ئەوە دەکات کەنەوشیروان مستەفا کاری لەسەر ئەوە کردوە کەشەڕی ناوخۆ بەردەوامی پێبدرێت وپرۆسەی ئاشتکردنەوەی یەکێتی و پارتی بەرهەم دار نەبێت. ڕاگەیاندنی یەکێتی دەچێتە بەرەی کۆسرەتەوە بەدرێژای چەندین ساڵی رابردوو ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هیچ چالاك و هەواڵێکی پەیوەندیدار بەکارو پرۆژەو سەردانەکانی کۆسرەت رەسوڵی بڵاونەدەکردوە، بەشێوەیەك پسپۆڕانی کایەی میدیا پێیان وابو کۆسرەت لەلایەن یەکیتی یەوە ئابلۆقەی راگەیاندنی خراوەتەسەر، بەتایبەت کەکۆسرەت تاکەکەسی دیاری ناو یەکێتی یە کەخاوەن کەناڵی راگەیاندنی تایبەت بەخۆی نی یە، بەڵام لەچەند مانگی رابردوو بەتایبەت لەو ململانێیەدا دەرگای راگەیاندنی یەکێتی بۆکۆسرەت رەسوڵ خرانە سەر پشت بۆ ئەوەی باشتر و کاریگەرتر بتوانێت جەنگی خۆی لەگەڵ سەرۆکی کۆمپانیای ووشە بەرێوەببات، ئەمەش لەبڵاوکردنەوەی چەندجارەی وەڵامەکەی کۆسرەت لەلایەن راگەیاندنی یەکێتی یەوە دەردەکەوێت.

# بالەمانگێكدا دوو هەڵبژاردن هەبێت



## عومەر زۆرباش

شیلەی ئەم هەنگوینە شیرینەی ئەمرۆكە لەسەر زاری هەموو لایەكمان شیرینە. رەنگە زۆر كەس لەلای وابێ شانەی هەنگمان دەر هێناوە نازاننێت بەرهەمی پاش ماوەی خوێن و جەستەی ئەو پێشمەرگەیە بووە كە هەردەم . ماڵی ئارامی شاخ و باسكی نەرمی شەوانەی تاشە بەردێكی رەق و دۆشەكی نەرمی زەویەكی وشكی خۆڵاوی پڕبون لەگیانەوەرە دڕندەو زیندەوەرە خشۆكە زیان بەخشەكان و لێفەی نەرمی ئاسمانی شین بووسەرەڕای ئەوەی دەسەڵاتی رژێمی بەعس لەو شوێنانەی كە دوربون لە دەسەلاتی پێشمەرگە هەروەك دڕندەیەكی برسی كێوی ئەكەوتنە گیان كەسوكارو خێزانی كەسایەتی پیرۆزی پێشمەرگە لە منالی ساوا كچی جوان و هەرزەكار و ژنی بێنازو دایكی جگەرسوتاو باوكی پشت شكاوی داماو هێندە بەد رەوشت بون لەهیچ شتێك سلیان نەدەكردەوە كوشتن سوتان ئازاردان ئابروتكان ئەوەی كە نەیان دەكرد بێشك پێیان نەدەكرا .تۆڵەو رقی ئەو هەموو نەهامەتیانەی كە رۆژانە دەبووە پیشەی نەوەی ئەورۆلە بەجەرگانە كەچی بۆ ئەوان فێری هێزو خۆ ڕاگری دەكرد لەبەر ئەوەی عەشقی سەربەرزی وڵاتەكەی زۆر لەلا گەورەتربووە و زۆر بێ باكانە هەركاتێك كە پیلانی هێرشەكی دانابێ بۆ سەر پایگەیەكی دوژمن. پشت ئەستوور بە تفەنگە هاورێ و هاودەمی سەنگەری خەباتەكەی بووە. لەگەل چوار مەخزەنی فیشەك. كە هەر دانەی فیشەكێكی لە منالێك ئازیز تر بووە بۆی . هەر دەم دوو ئەگەری لەپێێش خۆیدا دادەنا یەكەمیان شەهید بوون ئەوی كەیان سەركەوتن . بەلێ ئەو ئازادیەی ئەمرۆمان بەرهەمی یەك لەدوای یەكی ئەم سەركەوتنانەن كە دلۆپە خوێنی شەهیدان بووە. كەچی بەرامبەر داستانەكانی پێشمەرگە دەبینین لێرەو لەوێ ئەو خەلكانەی تازە پێگەیشتوی بخۆری هەسانەوەی ئەم پاراستنەنن بەپلەی جیاجیا. جاری واش هەیە لەبەرخاتری باوكی یا كەسوكاری تەلەفۆن بۆ یەكێك دەكرێت .وەرە تۆمان كرد بەرپرسی ئەم دەزگایە بێ ئەوەی رەچاوی كەفائەتی بكرێت. ئەوەش چونكە شایەنی ئەوشوێنە نیە بیر لەوە دەكاتەوە جاری یەكەم بەداخستنی دەرگا لەسەر خۆی وەك بلێی ئەم كورسیە كە لە باوكیەوە بۆی مابێتەوە مافێكەو هەر بەمنەتی خۆی ئەزانێ بەسەر هاولاتیانەوە هەربۆیەش هەندێكیان تا ژوورەكەی خۆی. بۆ دیدەنیەك سێ پرسگەی داناوە وەپرسگەی چاوەروانی تایبەتیش هەیە بۆ بینینی. ئەوەش

تایبەت مەندی تایبەتی هەبێت نەوەك نایبینیێ . یا ئەبێت بەخت یاوەرت بێت بۆ دیمەنێکی سەیرتر. هەر ئەم پرسگانە کاتی مقۆ مقۆی هەڵبژاردن کەوتە بەر گوێی بەرپرسان لەبەر بەرژەوەندی کاکەی ورگ زلی گیرفان بێبن رێك هەڵدەگیرێن و نامینێن و دەس دەکەن بە چاککردنەوەو گۆرانکاری کردنیان هەر وەك بلێی بە بەردێك دوو چۆلەکە بکوژێت وای لێدێت هەرکە خۆت کرد بەژورا لەپرسگەی یەکەم بەفەرموو فەرموو بەنوقل و شیرنیەوە دەت خەنە ژورەوە نەپشکنین و نەچاوەروانی. ئەبینین هەموو ئیش وکارەکانیش زۆر بەجوانی بەرێوە دەچن بەلام لەگەل تەواو بونی هەلبژاردنەکە ئەوا پرسگەکان دەتەقنەوە بەروی جەماوەر . نەك پرسگە بەلکو گورِوی ئاگر. زۆ لەجاران خراپتر. ئێمەش دەلێین یاخوا لەهەر مانگێك دووجار هەڵبژاردن بکرێت. تاوەکو ئاوا ژیان و کارەکانمان بەئاسانی بروات بەرێوە ئەوەی جێگەی داخە ئەمرۆکە بۆتە پیشەی ئەو بەرپرسانەی بەم بەسەرهات و داستانانە ماندوو نەبوینە . یاخود وەکو ئەو کەسانەی کاتی پێشوو فایلی شەرمەزاریان بۆ گەرایەوە خۆیان بە دوژمنەکانیان فرۆشتبوو دوور لە هەموو رەوشت و پیرۆزی تاکە ناوو ووشەی پێشمەرگەی ئازادی خواز. ئەمرۆکەش بە هەمان شێوە وای بەپیرۆز ئەزانی ئەگەر لە فەرمانگەکەی خۆی زۆرترین بازگە دابنێت تاوەکو هەر هاولاتیەك داوا بۆ بینینی بکات .بەیانی تاوەکو کۆتای دەوامی پێبچێت ئەویش ئەگەر بەخت یاوەری بێت .ئەگەر نا ئەوا دەبێت هاتوو چۆ بکات تاوەکو خوای گەورە رەحمی پێدەکات . من واهەست دەکەم ئەوکەسانە ناحەق نین ئەگەر خراپتریش بکەن .لەبەر ئەوەی خۆیان بەخاوەنی شۆرشەکە نازانن و. زەرەر مەندیش نین بە هەر زەرەرێك کە روودەدات. بەلام من بۆ هەر دەزگایەك بەرێوەبەرە گشتیەکەی بە تاوانبار ئەزانم . پلە بەپلە تاوەکو دەگاتە بەرزی فەرماندەو بریاری دەسەلات. هەروەك چۆن نوسراوی تایبەت لەسەرو دێتە خوارەوە بابەم شێوەیەش لێپێچینەوە بە توندترین شێوە پرسیارەتی لێبکرێتەوە تا دەگاتە یەکەی خوارو . بەڵام تاوەکو ئەمرۆکە بۆ بن بری ئەم دیاریدەیە و لێپێچینەوەی ناکرێت . بۆیەش وادەبینین رێژەی ئینتیمای نبشتیمانی رۆژ بەرۆژ بەرەو بێزاری ئەروات رەنگە هەست بەوە نەکات . ئازارو بێزاری میللەت تاچ رادەیەك گەیشتۆتە سەر ئێسقان و واخەریکە بەرەو هەڵدێریان دەبات شۆرشێکی تر دروست دەبێت لە جیاتی ئازادی وەکو شۆرشی رق و تۆلە. ئەوەش گەورەترین خەتەرناکە ئەوەی زەرەرمەند دەبێت تەنانەت میللەتە بۆ ئەم مەبەستە ئەمەوێت گفتو گۆی دوو پێشمەرگەی بیرو رای سیاسی لەیەکتر جیا بۆ ئێوە بگێرمەوە. ئەوەش .یەکێك لەلایەنەکە. بە هاورێیەکەی گوت کوری باش بە واز لەم حیزبە بێنەو وەرە سەر پەیرەوی حیزبەکەی من. چونکە خەباتمان خەباتێکی گەنجانەیە زۆریش بروامان بە دیموکراتیەت هەیە هاورێکەی گوتی باشە بەمەرجێك . من لەمرۆکە تاوەکو یەك هەفتە کامە بەرپرسی تۆ ئەتەوێت لە سەرۆکەوە تاوەکو یەکەی خوارەوە من کاتی بینینت بۆ وەردەگرم. بەلام تۆ بە ماوەی ( 6 مانگ ) مۆڵەتت بۆ دادەنێم تەنانەت( 6 ) دەقیقەم کاتی بینین لە هەر ئەندامێکی سەرکردایەتیم بۆ وەردەگری رازیم کاتی وەلامی دایەوە وتی ببورە بەخوای بۆم وەرناگیرێت . برادەرەکەی گوتی مادام وایە تۆ وەرە سەر حزبەکەی من . گوایە نازانی لەلای ئێوە تەنانەت جاری واهەیە بەرپرسیش بۆخۆی حوکمەتەو برِیاریش بەدەستە. تائێرە من هێنام ئەی بەکێ بلێم وەزعمان زۆرخراپەو چارەسەرێك بۆ ئەم دیاریدە قێزاویە بدۆزەوە تاوەکو فەرمانبەرەکانی پرسگەکانیش لە شوێنێکی بەسود کارو خزمەتەکانیان بەجێ بگەینن . دیاریدەی تر هەرچی ناعەدالەتی و هەڵەی زەق زەق هەیە تاوەکو نەبێتە فەراغێك ئەیەوێت بیگەیەنێتە سەروو بەلام بە هیچ شێوەیەك دەرفەت نادرێت و رەخنەکانی بەهەند وەر ناگیرێت ناچار هەریەکەو لەلای خۆی بە دڵشکاوی یا دادەنیشێت یا شێوەی کارکردنەکانی سست دەبێتەوەو ئەو گرو تینەی پێشوی نامێنێت .ناچار دەس بەگەندەڵی دەکات بینیشمان لەم هەڵبژاردنانەی ئەم جارەمان چ دڵشکاوێك کەوتنە بەر دیدەی ئێوەش رەنگە ئەگەر شکستێك بێت بەپلەی یەك ئێوە زەرەر مەند دەبن نەك کاسبکار . میللەتیش گاڵتەی بەم دیاریدەیە دێت راستەو خۆش پێیان دەڵێن خێرە تادوێنێ لە کوێ بون یا بۆ هەڵخەڵەتاندنی هەڵبژاردنە . هەرچەندە زۆرنارەحەتن لەو وشەیە بەڵام ناچاری وات لێدەکات تاوەکو دوای هەڵبژاردن بە هەموو شتێك رازی بێت . بەلام دەشلێن باشە چەند رۆژێکەو ئەوەش تەواو دەبێت چوار سال بۆ ئێمەو یەك مانگیش بۆ ئێوە ئەورۆژەی بیرچۆبۆوە کە پێشمەرگە پارێزەری سەرو ماڵ و گیانی ئەوان بووە.



## بەرهەم احمد سالح

# لەنێوان سەرکەوتنی بەغداو شکستی لەهەریمی کوردستاندا

راپۆرتی شیکاری :تایبەت

د.بەرهەم احمد سالح ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی سێ مانگ بەر لەئێستا کابینەی شەشەمی تەشکیل کرد، کاراکتەرێکی یەکێتی نیشتمانی بوو بەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، گەر وەرگرتنی ئەو پۆستە لەرووی سیاسی یەوە وەك بەرهەمی رێکەوتنی ستراتیژی نێوان (پارتی و یەکێتی )سەیر بکرێت، ئەوە بۆ یەکێتیەکان خەونێك بوو کەسەردەمێکە هەوڵی وەدیهێنانی دەدەن، بەتایبەت کەبەشێکی زۆر لەیەکێتیەکان پێیان وابوو بەشێکی زۆری ململانێی ناوخۆی یەکێتی و لاوازبوونی یەکێتی لەگۆڕەپانی سیاسیدا پەیوەندیدارە بەناکارایی یەکێتی و هەیمەنەی یەکێتیەکان لەحکومەتی هەرێمدا، بۆیە تاکە ئاواتی هەموو یەکێتیەکان وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بوو، بەو هیوایەی لەریگەی بەدستهێنانی ئەو پۆستە بتوانن باڵانسی جەماوری یەکێتی راست بکەنەوە، دەنگە نارەزایەکانی سلیمانی (ناوچەژیردەستەکانی پێشوی حکومەتی یەکێتی ) ئاشت بکەنەوە.بەلای یەکێتیەکانیش باشترین کەس کەبتوانێت ئەم کارە جێ بەجێبکات (د.بەرهەم احمد سالح) ، بەڵام ئایە بەرهەم سالح دەتوانێت ببێتە ئەو کاراکتەرەی هەموو خەونەکانی یەکێتیەکان بهێنێتەدی؟ ئایە یەکێتی دەیەوێت لەریگەی حکومەتەوە خواستە حزبیەکانی بەدی بهێنێت؟ یان ئامانجی پراکتیزەکردنی دواکاری جەماوەری یە.....هتد

## ئۆپۆزسیۆن کابینەی شەشەم لەبێژینگ دەدات

کابینەی شەشەم لەیەکەم رۆژی متمانە پێ بەخشیندا رووبەروی نارەزایی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان بویەوە، ئەو هێزانە متمانەیان بەو کابینەیەنەدا، دوابەدوای ئەو پەرلەمانتارانی لیستی گۆران دەستیان کرد بەهەڵدانەوەی کارەکانی رابردووی (د.بەرهەم ساڵح) ئەو گەندەڵی و کێشانەی رووبەروی بۆتەوە خرانەروو، ئەو پەرلەمانتارانە پێیان وایە (د.بەرهەم ساڵح) لەرابردوودا هەم لەو کاتەی سەرۆکی حکومەتی سلیمانی بوە، هەم لەبەغدا وەك جیگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران نەیتوانیوە لەئەدای ئیداری کردندا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەمە جگەلەوەی لیستی گۆران دەوێت هەموو تۆڵەکانی ناوخۆی یەکێتی لە(د.بەرهەم ) بکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش کابینەکەی لەبێژینگ دەدەن.

## د.بەرهەم لەنێوان شکستی بەغداو سەرکەوتنی لەهەریمدا

دوای ئەزمونێکی زۆری د.بەرهەم لەبەغدا رۆژ بەرۆژ کێشەکانی نێوان هەولیر و بەغدا روو لەزیادبوون بوون، ئەو نەیتوانی لەبەغدا ببێتە داکۆکیکاری سەرەکی کورد لەبەغدا، بەتایبەت لەپێدگری کردن لەسەر جێ بەجێکردنی ماددەی 140 و چارەسەرکردنی کێشەی بودجەو پێشمەرگەو نەوت و غاز..... هتد کەواتە بەهەموو پێوەرە سیاسیەکان بەرهەم ساڵح لەبەغدا شکستی هێناوەو نەیتوانیوە پۆستە گرنگەکەی لەبەغدا لەبەرژەوەندی کورد بەکار بهێنێت، ببێتە ریگریکاری مالیکی لەو مەسەلە پەیوندیدارەکانی پەیوەست بەکورد و مافەکانی .بەڵام لەئێستادا هەمیشە باس لەسەرکەوتنی بەهەم سالح دەکرێت لەهەریم ، ئەمە کۆمەڵێك پرسیار لەگەڵ خۆیدا دێنێت، کەبۆچی ئەو لەبەغدا ئەدایەکی باشی نەبوو؟ ئەدایەك لەپێناو بەرزکردنەوەی مافەکانی گەلی کورد؟ نەیتوانی ریگری بکات لەو یاسایانەی کەهەریم و هاوڵاتیان نەبەهەریمێکی سەربەخۆ دەزانن، نە وەك ناوچەکانی تری عیراق مافی پێدەدەن ، شکستەکانی بەرهەم سالح لەبەغدا و سەرکەوتنی لەکوردستان گومان گەلیك دروست دەکەن، کەهیچ هاوڵاتی یەکی هەریمی کوردستان بروای پێناکات. سەرکەوتی د.بەرهەم لەنێوان بانگەشەی راگەیاندن و واقیعی بەجەستەکراودا دوای پێکهێنانی کابینەی شەشەم ، (د.بەرهەم) کەوتە کار بۆ دروستکردنی تۆرێکی راگەیاندنکار بۆ ئەوەی ببنە پاڵپشتی کابینەکەی ، وێنەیەکی جوانی ئەو کابینەکەی بۆ هاوڵاتیان بەخش بکەن، بۆیە هەر لەسەرتاوە ئەو راگەیاندن کارانە کەوتە بەر پیاهەڵدان و بەرزکردنەوەی (د.بەرهەم) و ناساندنی بەجەماوەر بەشێوەیەکی کاراو خزمەت کاری هەریمی کوردستان، بەڵام ئەوەی تائیستا دەبیندرێت جگە لەبانگەشەی هەڵبژاردن هیچ شتێك لەئەزی واقیعدا بوونی نی یە، رۆژ بەرۆژ پرۆژە خزمەتگوزارەیەکانی هەریم لەپاشەکشەدان، هەموو ئەو دەسکەوتانەی هاوڵاتیانی کوردستان شانازیان پێوە دەکرد ورده وەردە خەریکە لەناو دەچن، بەتایبەت وەسانی هەرناردەکردنی نەوتی هەریم بۆ ولاتانی دەرەوە، کەئەو هەوڵە لای زۆربەی تاکەکان وەك بەدیهاتنی خەون، سەرەتای سەربەخۆی کوردستان سەیر دەکران.

## خۆرەکەی نێچرڤان بارزانی دەدرەوشێتەوە

لەگەڵ ئەوەی لەدوای تەواوبونی کارەکانی کابینەی پێنجەم نێچرڤان بارزانی (جگەلەئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی ) هیچ پۆستێکی سیاسی ئەوتۆی نی یە، یەکێتیەکان پێنا وابوو لەدوا کۆتای هاتنی کابینەی پێنجەم ، خۆری نێچرڤان بارزانی هەنگاو بۆ ئاوابون دەنێت، دوای ماوەیەك لەهەزری تاکەکانی هەریمی کوردستان دەسردرێتەوە، بەڵام ئەزمونی چەند مانگی رابردوو بەروونی ئەوەی سەلماند کە رۆژبەرۆژ نێچرڤان بارزانی لەلای هاولاتیان خۆشەویستر دەبێت و پیگەکەی بەرزدەبێتەوە، بەهۆی ئەوەی لەئیستادا لەبەری جەماوەردایە، کار لەسەر بەدیهێنانی خەوەنەکانی هاوڵاتیان دەکات، ئەمە سەرەرای ئەوەی سێبەری ئەو لەسەر کابینەی شەشەم بەرونی دەبیدرێت.

سەمیر سەلیم ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو بۆچرکە

# ئێمە لەمەکتەبی سیاسی هەمووومان بەیەک ئاواز ناخوێنین،هەرکەس عەقڵی خۆی هەیە



**سازدانی: ئەمین ئاکۆ**

**سـەمیر سـەلیم ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوی ئیسـلامی و ئەندامی پەرەلەمانی کوردستان لەچاوپێکەوتنێکـی تایبەتـدا بـاس لەواقیعی ئیسـتای یەکگرتوی ئیسـلامی دەکات وئەوە رەت دەکاتـەوە کەلەناوە مەتەبی سیاسـی یەکگرتوودا کوتلەکاری بونی هەبێت، پێی وایە بەشـداری بزوتنەوە لەکابینەی شەشـەمی حکومەتی هەرێمدا بزوتنـەوە بەهێز دەکات، بەڵام بۆچونی وایە بەهێز بوونی بزوتنەوەی ئیسلامی لەسەر حسابی کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی نی یە.**

**چرکە**: دوای هەڵبژاردنەکان یەکگرتوو ڕووبەڕوی جۆریك لەشڵەژانی ناوخۆی بویەوە، ئایە تاکو ئیستا بەپراکتیکی کار لەسەر چارەسەکردنی ئەو کێشانەی ناوخۆی یەکگرتوو کراوە؟

**سەمیر سەلیم** : شلەژان ووشەیەکی ئاڵۆز و قورسە ، یەکگرتوو توشی شلەژارن نەبۆتەوە، بەڵام ئاکامی هەڵبژاردن بەپێی چاوەڕوانی ئەندامانی یەکگرتوو نەبوو، لەبەر ئەوە نارەزایەتی یەك و بێتاقەتی یەك ، بیزاری یەك لەهەندێ شوێن لەناو کادیران و ئەندامانی یەکگرتوو بەدی دەکرا، ئێمە توانیمان بەهۆی دانیشتنمان لەگەڵ ئەندامانمان ، گفتوگۆبکەین ، ئیجرائاتی خۆمان کردو ، سوپاس بۆخوا ئیستا شەڵەژانی ناوخۆی و گرفتێکی ناوخۆی لەناو خۆی یەکگرتوو بەدی ناکرێت و کێشەکان چارەسەربوون

**چرکە**: بۆچی تاکو دروست بونی لیستی گۆران ئێوە و هێزەکانی تری هەریمی کوردستان خۆتان وەك هێزێکی ئۆپۆزسیۆن وینە نەدەکرد، مامەڵەی ئۆپۆزسیۆن بوونتان نەدەکر؟

**سەمیر سەلیم** : هێزی ئۆپۆزسیۆن بەمانای کیانی سیاسی پێشتر نەبوە، لەدەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان سەریهەڵداوە، پەیوەندیشی بەگۆرانەوە نی یە، بەڵکو پەیوەندی بەو نەخشە سیاسی یەتازەوە هەیە کەئیستا لەئارادایە، بەڵام گوتاری رەخنە گرانەدەگەڕێتەوە بۆ پێشتر ، ئێمە کەبەشداری حکومەتمان کرد لەکابینەی پێنجەم بەگوتاریکی رەخنەگرانەوە بەشداریمان کرد، زەمینەسازی دروست بونی ئۆپۆزسیۆن دەگەڕێتەوە بۆ پێش دروست بونی لیستی گۆران ، لیستی گۆران لەدوای سالی 2008 دەرکەوتوە، ، بەڵام نارەزایی پێشوتر پێشیلکردنی پرۆژەکان ، گوتاری چوار حزبەکە دەگەڕیتەوە بۆ سێ ساڵ لەمەوبەر .

چرکە: ئەو گرفتانە چین کەڕووبەڕوی ئەندامانی پەرلەمان دەرەوەی لیستی کوردستانی دەبەنەوە، بەتایبەت ئەوئەندام پەرلەمانانەی کەلەناو ئەو لیستدانەدان کەخۆیان بەئۆپۆزسیۆن دەبینن؟

سەمیر سەلیم : هیشتا ئۆپۆزسیۆن لەڕوی ئۆرگانی و رسمیاتەوە نوێ یە، دەرکەوتنی پۆپۆزسیۆنبونیش جۆریك لەئینشقاقی ناو حزبی دەسەلات بەرهەمی هێنا، بەتایبەت گۆران لەدەرئەنجامی ئینشقابونی یەکێتی یەوە بوو، بۆیە هەمیشە لیك تێنەگەیشتنێك و بەگومان سەیرکردن هەیە، بەهۆی ئەوەی گۆران بەروحێکی ئینشیقاقی یەوە هاتۆتە دەرێ و مامەڵەدەکات ، یەکێتی لەناو لەناو لیستی کوردستانی دیسان بەو تیروانینە ئینشیقاقی یەوە مامەڵە لەگەڵ گۆران دەکات، بۆیە تیروانینی هەردوو لا جۆریك لەتەم و مژو قەلەق و تاریکی هەیە لەنێوان هەردوو لا، بەڵام ئەوە بەتێپەربونی کات ئەو گرفتانە بەرەو چارەسەرکردن دەچن.

گەورەترین گرفتی ناو پەرلەمان ئەو لێك تێنەگەیشتنەی نێوان ئۆپۆزسیۆن و لیستی براوەیە،هەمیش ئەو پاشخانە فکریەفاشیەیە کەعەقڵی سیاسی کورد دەبزوێنێ ، کەئەوە کاریگەری خراپی کردۆتە سەر پەرلەمان و وای کردوە یەکتری قبوڵ نەکەن.

**چرکە**: ئێوە وەك هێزێکی ئۆپۆزسیۆن چۆن دەڕوانە کابینەی شەشەم ، پیتان

## ئەگەر تاسەر دەسەڵات ریگری لەو پرۆژان بکات کەلیستەکان پێشەکەشی دەکەن بەسەرۆکایەتی پەرلەمان، شەقامی کوردی جوڵەی تێدەکەوێت

وایە ئەو کابینەیە سەرکەوتوو دەبێت لەبەدی هێنانی داخوازیەکانی هاوڵاتیان و چارەسەرکردنی کێشەکانی هاوڵاتیاندا؟

**سەمیر سەلیم** : ئومێد دەکەین کابینەی شەشەم سەرکەوتوو بێت لەکارەکانیدا، ئێمە ئۆپۆزسۆنین بۆ ئەوەی کەم و کوڕیەکان، کەمترخەمیەکانی ناو دەزگاکان ، پرۆژەکانی حکومی پێش کەش بەلایەنی پەیوەندیدار بکەین، تاکو بتوانین چارەسەریان بکات.

کابینەی شەشەم لەحالەتێکی موستقیر تر ،کابینەی پێنجەم هاتبوە سەر پاشماوەکانی شەڕی ناوخۆ و دوولەت کردنی ئیدارە...... ئیستا تارادەیەك زەمینەسازی یەك و ئاسانکاری یەك هەیە بۆ کابینەی شەشەم ، بەڵام ئەوەی گرفتە لەبەردەم کابینەی شەشەم ئۆپۆزسۆنە.

**چرکە**: پێت وایە حکومەت و لیستی کوردستانی لەپەرلەمانی کوردستان ڕێگە دەدەن کەهێزە ئۆپۆزسیۆنەکان ڕۆڵێکی کارا بگێڕن لەچاودێری کردنی کارەکانی حکومەت؟

**سەمیر سەلیم** : ئێم چاوەڕێی دەسەلات ناکەین، ئەگەر دەسەلات ریگەی دا ئەوە کارەکانی ئێمە هیچ مانایەکی نابێت، بەڵام ئەگەر تاسەر دەسەڵات ریگەری لەو پرۆژان بکات کەلیستەکان پێشەکەشی دەکەن بەسەرۆکایەتی پەرلەمان، شەقامی کوردی جوڵەی تێدەکەوێت ، پێم وانی یە هیچ هێزێك بتوانێت تاسەر ریگری لەئەوی دیکە بکات ، دەرئەنجامی هەلبژاردنەکانی پەرلەمان عیراق و پێگەی کورد لەوێ ، پیگەی لیستەبەشداربوەکان لەوێ دەور دەبینێت لەرادەی جیگیرکردن و رادەی قورسایی خستە سەر دام و دەزگارسیمیەکانی حکومەت.

**چرکە**: ئێوە وەك یەکگرتوی ئیسلامی بەلیستێکی جیا بەشداری لەهەلبژاردنەکانی عیراقدا دەکەن، پێتان وایە جاریکی تر دەتوانن ئەو کورسی و پێگەیەی کەئیستا لەپەرلەمانی عیراق هەتانە بەدەستی بهێنەوە؟

**سەمیر سەلیم** : هەڵبژاردن دەزانێت، ئومێد دەکەین هەیمەنی جەماوەرو ڕێکخستەنەکان و متمانەی جەماوەرەکەمان ئەوڕۆلە ئیجابیەی کەکوتلەکانمان لەپەرلەمانی کوردستان و عیراق هەیان بوە، خزمەتی ئەزمونی کوردی و واقیعی کوردی کردوە بتوانێت پێگەیەکی باشتر دروست بکات، ئەگەر دۆخی سیاسی هەلبژاردنەکان گونجاو بێت و تەمو مژاوی نەکرێت پێم وایە ئێمە ئەو قورسای یە سیاسی یە ئەپاریزین و پەرەشی پێدەدەین.

**چرکە**: باس لەوە دەکرێت کەمەکتەبی سیاسی یەکگرتوو دابەش بوە بەسەر دوو کوتلەی موحافیزکار و ریفۆرم خاوەکان ، ئەمە تاچەند راستە ؟

**سەمیر سەلیم** : تا ئەو دەقەیەی قسەی تێدادەکەین لەناوخۆی یەکگرتوو هیچ ئەلقە چەنجەیەك لەناو یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان نی یە، لەهەرەمی باڵاوە تاپلەی خواری خوارەوە ، بەڵام هەمووشمان بەیەك ئاواز ناخوێنین ، هەرکەس بەعەقڵی خۆی هەیە، بیرکردنەوەی خۆی هەیە، روانینی خۆی هەیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە گوتارکان هاوبەشە، ڕوانینامان بۆ مەسەلەمان لەچوارچێوەمەنهەجیەکەی خۆماندایە



## گەورەترین گرفتی ناو پەرلەمان لێک تێنەگەیشتنەی نێوان ئۆپۆزسیۆن و لیستی براوەیە

کەلەکۆنگری حزبی خۆمان ئیقرارکراوە.

**چرکە**:دەگوترێت بەشداری بزوتنەوەی ئیسلامی لەکابینەی شەشەم و پێدانی وەزارەتی ئەوقاف هەوڵێکە بۆ بەهێزکردنەوەی بزوتنەوەو راست کردنەوەی لەبەرامبەر یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی ؟

**سەمیر سەلیم** : بێگومان بەشداری بزوتنەوەی ئیسلامی لەحکومەتدا بزوتنەوەی پێ بەهێز دەبێت ، بەڵام پێم وانی یە بەهێز بونی بزوتنەوە لەسەر حسابی کۆمەڵ یان یەکگرتوو بێت.

# گەشتی مەرگ

رۆژانە ئەوخەلكانەی گەشت ئەكەن لە سەرتاسەری جیهان ئەو كەسانەن كە بۆ بازرگانی یاوەك پشووی هاوینە بەدوای گەشت و گوزار دەگەرێن یا ئەوانەن وەكو نمایندەی دەزگاكانی میری بۆ كێشەو بواری جیا جیای رامیاری ئەگەرێن لەم وولات بۆ ئەم وولات یا ئەوانەن بۆسەردان گەشت ئەكەن. بەلام بۆ ئەوانەی گەشت ئەكەن پسپۆران و دەروون ناسان لێكۆلینەوەیەكی زانستیانەیان نوسیووە لە شیكردنەوەی جەستەیی و دەروونی لە هەموو تەمەنەكانی ژیان. بۆ یان دەركەوتووە و رونیان كردۆتەوە ئەو گەشتیارانەی بەفرۆكە گەشت دەكەن هێندە لە دلەراوكێیەكی گران و نالەباردان لە یەكەم چركەی كە سواری فرۆكە دەبن . بەدرێژایی گەیشتنی گەشتەكەیان و تا ئەوچركەیەی كە دادەبەزن تەنانەت بۆ تاكە چركەیەك ممتمانەی ژیان لەدەرونیان بەدی ناكرێت . ووتەیەك هەیە لەسەر زاری هەموو ئەو گەشتیارانەی كە گەشتی فرۆكە ئەكەن دەلێن ئەگەر لەئاسمان نەتەقینەوە ئەوا دەگەینە جێ . بەلام ئەگەر خوا نەكا لەو بەرزیەی ئاسمان فرۆكە توشی گرفتێكی تەكنیكی بوو هیچ هیوایەكی چاك بونەوەی نەمێنێت ئەوا سەیرێكی دواوەی فرۆكەكە بكە لە ناوەوە كە بەلایەنی كەم رەنگە ( 500 ) كەسی تیابێت و تەنانەت ماوەی چەند خولەكێك نابات كۆتایی بەژیانی هەرهەموویان دێت مەرگ دەبێتە میوانیان . رەنگە پرسیارەكە لێرەوە دەس پێبكات ئاخۆ ئەبێت یاوەری بەختی مەرگەكەیان روو لە رەقی كام لوتكە شاخی رەق بكات یا میوانداری كام دەریا بێت و بیان كات بەخۆراكی ماسی و نەهەنگ یا تەقینەوەیان هەر لە ئاسمان پێش ئەوەی بگەنە سەر زەوی بیرۆكەیەكی زۆر سەیرە هەر هەموو ئەوانەی كە گەشتی فرۆكە ئەكەن ئەم هەموو شتانەیان وەك فلیمێكی ئەتاری دێتە بەرچاو لە خەیالدا رەنگە لەم كاتەدا خۆی بەتەواوی ببینێت لەفلیمەكە. تا ئەو كاتەی بەتەواوی فرۆكەكە لە فرۆكەخانە دادەبەزێت. ئەوسا دەلێت ئەوا گەشتەكەم تەواو كرد. ئەو خەیالانەی لەناو فرۆكەكە دەی بینی ئەوا لەگەل دابەزینیەوە هەروەك تۆكلی چەرەزات لەكۆشی دەكەوێتە خوارەوە و هیچی لەبیر نامێنێت . كەچی سەیركە لەنێوو فرۆكەخانەكاندا راكە راكەی بلیت برین و سەركەوتنە . هەر وەك بلێی نەبابێت و نەباران . هەروەك تەزوویەكی بەهێز ئەم دیمەنە بیرۆكەی رۆژانی خەباتی پێشمەرگەو شالاوەكانی ئازادی خوازی گەلەكەم هاتەوە خەیال و بوم بە میوانی ئەو دورشمەی وەك داراو زارا لە مێشكم زەنگی دابۆوە كاتێ ئەمان گووت ئەگەر شەهید نەبین شوێنەكەدەگرین و سەردەكەوین بێئەوەی تەنانەت بۆ چركەیەكیش تامی ژیانی بەرامبەر ئازادی گەلەكەی شیرین بێت

بۆ ئەوانەی كە گەشتی دەریایی دەكەن دەلێن ئەگەر نەبین بەخۆراكی نەهەنگ و ماسی ئەوا بەخێر دەگەین بۆ ئەوانەی بەشەمەندەفەر گەشت دەكەن دەلێن ئەگەر لەبەینی دوو فارغۆنان نەبین بە پەرچیم و كەبس نەبین ئەوا دەگەین بۆ ئەوانەی بەئوتومبێل گەشت دەكەن دەلێن ئەگەر نەچینە ژێر لۆری و پانمان نەكاتەوە لاشەی نەرمو شلمان كووشینەكان خەلتانی خوێن نەكات ئەوا دەگەینە جێ . كەواتە لەرێرەوی رەورەوەی ژیان بۆ هەركارێك. وتەیەك وتراوە بەتایبەت ئەوگەشتانەی كە مەرگ سەرقافلەیەتیان دەكات وە .سەرە رای ئەم هەموو زانیاریانە ئەبینین رۆژانە خەلكان لە هەموو لایەكەوە گەشت ئەكەن . وەك شێوە سەر ژمێرێك بۆ گەشتیاران دەركەوتووە لەرۆژێكدا نزیكەی ( 15000000 - 12000000 ) كەس رۆژانە گەشت دەكەن بەم دلە راوكێیە .

ئایا ئەم هەمموو دلە راوكێیە نابێتە هۆی سەرهەلدانی هەزاران جۆری نەخۆشی كوشندە لەسەر گۆی زەی بێ ئەوەی كەس هەستی پێبكات تەنانەت ئەوە نەبێت هەر رۆژە و تاعونێك بلاو دەبێتەوە هەر جارەو هەر رۆژە بەجۆرو ناوێك .

1/ ئەوانەی بە فرۆكە گەشتی ئاسمانی دەكەن رۆژانە نزیكەی 380000 نەفەر گەشت ئەكەن لە شارێك بۆ شارێ یا لەوولاتێك بۆ ولاتێك كیشوەر دەبرن لەجیهاندا.

2/ ئەوانەی لە دەریا بەهۆی گواستنەوە ئاوییەكان وەك باخیرە یابەلە مە بچوكەكان كەلو پەل ئەگوازنەوە و گەشت ئەكەن لە جیهاندا نزیكەی 2400000 نەفەر دەبن

3/ ئەوانەی بە شەمەندەفەر گەشت ئەكەن ئەوا نزیكەی 1800000 نەفەر دەبن لە هەموو جیهاندا

4/ ئەوانەی بە ئوتۆمبێل گەشتی سەرزەوی دەكەن لە هەموو جیهاندا 5000000 نەفەر دەبن ئەو ژمارانە وەك رێژەیەكی هەلسەنگاندنە نەك رێژەی دیاری كراوی پێوانەی تەواوی ژمارە بێت. ئەم سەرژمێریە ئەوانە ناگرێتەوە كە كە هۆكارە گواستنەوە تایبەتیەكانی ناو شارەكانیان هەیە . وەك ئوتۆمبێل . پایسكل .ماتۆر ......ئەوانی تر چونكە ئەوانە لە ئاست سەرژمێری هەمموو دونیا لە چوار بەشدا سێبەشیئەوانە پێك دێنن مەبەستی ئێمە ئەوانە ئەگرێتەوە وەكو گەشتیار گەشت ئەكەن

# ناو مزگەوتەكان پیس دەكرێن

**هاڵۆ عومەر**

شاراوەنیە كە گەلی كورد نەوەكی موسڵمانەو خاوەنی كلتورەكی تەواوی ئیسلامین.
ڕەنگە ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی كوردستان 90% یازیاتری موسڵمان بێت ئەوەش مایەی خۆشحاڵیە بۆ ئێمەمانان. سەربەرزین بەم ڕەوشتە جوانەی لە قورئانی پیرۆزەوە بۆمان دارێژراوە و ڕۆژانە شتی تازە و نوێی لێ فێر ئەبین ئەگەر چی بەزمانی عەرەبی فوێحە نوسراوە . دیارە ئەوەش لە ئایەتێكی پیرۆزدا بە موبارەكی خۆی باس لە ناتێگەیشتنی زۆرینەی ئەو نەوەیەی كردووە كە لە مەكە و مەدینەی پیرۆز دەژیان ئەوەش عەرەبە قورەیشە خێلە كیەكان بوون ئەو سەردەمانەش ڕێژەی ڕۆشنبیریان زۆر زۆر كەم بووە و باوەڕیان تەنانەت بە بت پەرستی هەبوو بەس . بەوەش ناسراو بوون كە نەوەیەكی ناتێگەیشتی و لاسارن . بۆیەش قورئانی پیرۆز بە زمانی عەرەبی دابەزی . بۆ تێگەیشتنی ئەوان بوو چونكە لە هیچ شتێ نەدەگەیشتن ئەگەرچی نەوەكانی تر زیاترموسلمان بوون و مۆركی موسلمانەتیان پێوەدیار بوو . لە كوردستانی ئازادی خۆمان ئەبینین ئەو شوێنە موقەدەس و پەرستگەن كە خەڵوەت گەی خواپەرستین بۆ هەموو ئاینیە روحیەكان حكومەتی هەرێمی كوردستان تاكە وەزارەتێكی بەرفرەوانی بۆ داناون بە بودجەیەكی زۆر تەنانەت بۆ ئەوەی بتوانێت لە نزیكەوە ئاگاداری كەموو كوریەكانیان بێت و خزمەتی ئەو پەرستگەیانەی پێبكات ئەوەش بەناوی وەزارەتی ئەوقاف و كارو باری ئیسلامی . ئەگەر بەراوردی شارەكەی خۆمان بكەین ئەبینین كام گەرەك هەیە 2 تا 3 مزگەوتی تیا نەبێت یا چ لادێیەك هەیە ئەگەر چوار ماڵیش بن . مزگەوتیان نەبێت ئەوەش دەگەرێتەوە هوشیاری وەزارەتی ئەوقاف و كارو باری ئیسلامی ویستی خەڵكی كوردستان ئەبینین هەموو فەرزی نوێژەكان هیچ مزگەوتێك نیە پر نەبێت لە خەڵكی نوێژكەرو خواپەرست . باوەر ناكەم هاوكاریەكانی حكومەتی هەرێم هیچ شتێك نەماوە بۆ مزگەوتەكانی نەكردبێت لەنزیكەوە ئاگادارم زۆر لە مزگەوتەكان وەك مووچە خۆر هی وایە پێنج هەتا نۆ و دە موچە خۆری بۆ دامەزراوە هەر یەكەو بەناوێك .ئەگەر چی زۆری مزگەوتەكان هەریەكەو چەند كەسێكی كەم عەقل یا بەسالاچوان یائەوانەی هیچ ئیشو كارێكیان نیەو خواپەرستیەكانیان زۆرتر روو لە مزگەوتەكان ئەكەن ئەوان هەڵدەستن بەپاك و خاوێن راگرتنی نێو مزگەوتەكان هێشتا وەكو پێویست نین لە پاكو خاوێنی . چ لە دەرەوە چ لە ناوەوە ئەبینین لە كاتی نوێژە بە كۆمەڵكان و بەتایبەت نوێژەكانی ڕۆژانی خوتبەی هەینی هیچ مزگەوتێك نیە لە 300 نوێژكەری تیا نەبێت بگرە هی وایە نزیكەی 1000 نوێژكەر ئەگرێت . لەو كاتەی كە نوێژ دەس پێدەكات تاوەكو نوێژەكە تەواو دەبێت لەبەر بۆنی زۆری هەناسە و گەنی وی گۆرەوی هەر ئەوەتا نەفەس ناوەستێ و هەموو گیانت دەبێت بەئاو ئارەق . هەموو تاكێك نارەزاییان هەیە لەو دیاردەیە و بەدەستیەو دەناڵێنن . سەرە ڕای ئەوش كە تۆ ئەتەوێت تەنانەت چركەیەك زوتر بێیتە دەرەوە . زۆر جار ئەبینین مامۆستای پێش نوێژیش نوێژەكە هێندە تاخیر دەكات بەتایبەتی لەكاتی سوجدەبردن . بێ ئەوەی بەرژەوەندی ئەوكەسانە رەچاو بكرێت كە نەخۆشی دڵ و زەخت و نەفەس تەنگیان هەیە جگە لەوەی هەموو كات پەتایەكمان بۆ ئەدۆزنەوە پێمانی ئەترسێنن . نوێژەكە تاخیر دەكات چونكە بەرێژە ئەوانەی كە لە مزگەوتەكانن سێ بەشیان بەتەمەنەكانن یەك بەشیان گەنجن كاتی دێیتە دەرەوە وادەزانی تازە لە دایك بووی كە ئەو هەناسە پاكەی لە دەرەوە هەڵدەمژی دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی زۆرینەی مزگەوتەكان هەوا راكێش ( ساحبە )یان لە سەرەوە نیە ئەگەر هەبێت ئەوا ڕێژەكەی لە پێداویستی خۆی كەمترە.من داوام لە وەزارەتی ئەوقافە چاودێریەكی توندی ئەم مزگەوتانە بكات بۆ بنەبركردنی ئەم دیاردە پر نەخۆشیە و پاك راگرتنی مزگەوتەكان . خوێنەری بەرێز ئەگەر ڕۆژێك لەگەڵ بانگدا بچیت لە مزگەوتا دەس نوێژ بشۆی دەمووچاوت تەربێت و نوێژ دابەستی تاوەكو نوێژ تەواو دەبیت ئەبینی هەموو دەمووچاوت بۆتە زیخ وەرد خۆڵ . لە جیاتی بۆنی خۆش ڕەنگە كلتوری كۆمەڵگەمان رێگە بەوەنەدات بلێین و دەس نیشانی كەموو كوریەكان بكەین بلێین مامۆستا مزگەوتەكەت زۆر پیسە لە هەموو بوارەكانەوە . بۆیەش ئەلێین تۆ چونكە بەرپرسی راستەوخۆی ئەبینین لە ناو مزگەوتەكان پاككەرەوە ( مكناسە ) هەیە فەرمانبەر هەیە . ئەی خێرە ئەوا پیسە . زەرەریەتی یەكسەر دەتباتەناو قالبەكی تر. هەزارو یەك ناو............؟
من لەگەڵ ئەوم ئاستی ڕۆشنبیرانی ئەو كەسانەی روو لە مزگەوتەكان ئەكەن دەبێت بەلایەنی كەم خۆی بەجوانی پاك بكاتەوە و بەم گۆرەویە پیسە نەچێتە ژورەوە بەلایەنی كەم با لەگەڵ پێلاوەكەی لە دەرەوە دای بنێت بۆ ئەوەی رەوشی جوانی ئەم شوێنە مقەدەسە نە شێوێندرێت .